# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی پێنجەم ژمارە(97) بەرواری 1–5–2021 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت





## پیرۆزبێت یەکی ئایار، ڕۆژی هاوپشتی و هاوچارەنووسی نێونەتەوەیی چینی کرێکار!

# زیادکردنی کرێ و کۆتاییهێنان بە لێبڕینی موچە و ئازادی ڕێکخراوبوون سەرەکیترین خواستی یەکی ئایارن!

### وتەی ژمارە

## زیادکردنی کرێ و کۆتاییهێنان بە لێبڕینی موچە و ئازادی ڕێکخراوبوون سەرەکیترین خواستی ئایارن!

ئایاری ئەمساڵ بۆ کرێکاران و کارمەندانی کوردستان لە هەلومەرجێکی ئیکجار سەختدا بەرێوەدەچێت. کەمی کرێی کرێکاران و بەردەوامیدان بە لێبرینی موچەی موچەخۆران، لەپاڵ گرانی بازار و دەیان دەردو موسیبەتی تریدا لە پێشیانەوە کۆڕۆنا ڤایرۆس، بۆتە هۆکارێک تا چینی کریکار و کارمەندان و تەواوی ئۆردی بێبەشی کوردستان بەرەو ژیانێکی سەخت و مەمرەو مەژی راپێچ بکرێن.

لەپاڵ کەمی کرێی و لێبرینی موچەدا، هاوکات خزمەتگوزارییەکان بەرەو لەبەین بردن براون یان هەرزان فرۆشی کەرتی تایبەتی کراون و دەسەڵاتی سیاسی بەرپرسیاریەتیەکی لەسەر شانی خۆی نەهێشتۆتەوە. قورسایی خوێندن و پەروەردە، گرانی داو دەرمان و خەستەخانەو سلکی تەندروستی، باج خستنە سەر وردو درشتی خزمەتگوازرییە گشتیەکانی وەکو دوکانەکان، خۆڵ

بۆ لاپەڕە 2

پێنجی ئایار، ١١ ساڵ بەسەر ڕفاندن و تیرۆرکی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسماندا تێدەپەرێت و هێشتا نەخشە دارێژەران و بکوژانی ئازادن...تا ئەوکاتەش کە تۆمەتبارانی ڕاستەقینە لە دادگایەکی عادلانەدا سزای خۆیان وەردەگرن، ئەم دۆسیەیە بۆ بەرەی ئازادیخواز و ئینسانۆست بە کراوەیی دەمێنێتەوە و سەردەشتیش تا هەتایە سومبولی ئازادییە...

بەرزو بەرێزبێت یادی تێکۆشانی سەردەشت لەپێناو دنیای ئازاد و بەرابەر و خاڵی لەستەم و چەوساندنەوەو بێمافی ...




تا ئەوکاتەی ماوین دەبێت قسە بکەین، ئەوکاتەی تەمەنیشم کۆتایی دێت، با هاوڕێکانم خاڵێکم بۆ دابنێن و سەرلەنوێ بە دێرێکی تر دەستپێبکەنەوە...

### لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:



* هێرشی تورکیا ڕێپێدراو و نارەزایەتی یاساغ.........................ل2
* پرۆسەی دادگایی گیراوەکان دەستێوردانی سیاسی زۆری تیابووە ل3
* هەموو ڕیکارێك بۆ رەتکردنەوەی دزی و ستەمکاری دەگرینە بەر..ل3
* سەمای شەقامی سالم و بەرگری نەکردن لە شوناسی پایتەخت....ل4
* شەپۆلێك لە خۆكوژی و کوشتنی ژنان و نیگەرانی سەرۆك..........ل5
* ئەم دنیایە پێچەوانەیە دەبێ ڕاستبکرێتەوە...........................ل7



هێرشی ئیسلامیەکان بۆسەر ئازادی تاك مەحکومە...ل4



رۆڵی پارتی لە تیرۆری هاوڕێیان شاپور و ڤاییلدا.....ل6



هاوڕەگەزخوازی چییەو بۆچی هەندێك کەس هاوڕەگەز خوازن؟....ل10-11



مزەفەر عەبدوڵا بەبۆنەی ١١ ساڵ تێپەڕین بەسەر تیرۆری ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسماندا سەبارەت بە ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی وەڵامی پرسیارێکی بۆپێشەوە، دەداتەوە...ل12



پرسی ژن ل 7

کۆشەی ئەدەب و هونەر ل 8-9

## درێژەی وتەی ژمارە

ڕشتن، گرانی کارەبا و کرینی ئەمپێری مولیدە، گرانی ئاو ئەگەر هەبێت، تادەگاتە گرانی گۆشت و مریشک و پێداویستییە ڕۆژانەیەکان...تاد هەموو ئەمانە وای کردووە کە کرێی کریکاران و کارمەندان موچەی موچەخۆران بەشی دابینکردنی کەمترین لە پێداویستیەکانی بەڕیوەچوونی ژیان و گوزەران نەکات. هەر ئەمەش وایکردووە کە ئۆردوی هەژاری بە ڕێژەی بەرچاو زیاد دەکات و بلۆکی برسێتی بە رادەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرین دەبێتەوە. ئەگەر ئەمە دۆخی کرێکاران و کارمەندان و موچەخۆران بێت، ئەوا ژیان و گوزەرانی بێکاران، چەند بەرابەر سەخترەو ڕۆژ بەرۆژیش بەهۆی دانەمەزراندنی دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان و نەبوونی هەلی کار بۆ کەسانی ئامادەبەکار، ڕێژەی بیکاری هەڵدەکشێت، بێ ئەوەی باسێک لە بیمەی بێکاری هەبێت.

هاوکات لەگەڵ ئەم واقعیە تاڵە لە ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و بێبەشاندا، ئازادی ڕیکخراوبوون، مانگرتن و خۆپیشاندان بەفەرمی نەناسراوە، واتە لەبەرامبەر بەو هەلومەرجە سەختەدا ڕێگای بەردەم کاری ریکخراو لەبەردەم چینی کریکار و جەماوەری بێبەشدا، بۆ بەرگری ریکخراوانە لە خۆیان و مافەکانیان، یان بۆ داسەپاندنی ویستەکانیان ڕێگەی لێگیراوە. لەوەش زیاتر کاتێک کرێکاران و جەماوەری بێبەش لەژێر گوشاری زۆرو کەمەر شکێندا ناچار بە کۆبونەوە، مانگرتن، خۆپێشاندان دەبن، بەوپەڕی دڵ ڕەقیەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. لەسەر کار دەردەکرێن، وەکو سزا دەگوازرێنەوە بۆ شوێنی تر، یان ڕووبەڕووی هێزی سەرکوت و داپڵۆسین دەبنەوە بۆ شکاندنی مانگرتن و کۆتاییهێنان بە نارەزایەتیەکانیان.

بەم شێوەیە چینی کریکار و کارمەند و موچەخۆران، لەگەڵ ئەوەدا کە ژینگەی کاریان خراپ و نائەمنە، کرێکانیان زۆر کەمە بە پێوانە لەگەڵ بەڕیوەچوونی ژیان و گرانی بازاڕدا، هاوکاتیش مافی ڕیکخراوبوونیان لێ سەندراوەتەوە. لەوانەش زۆرتر دەسەڵاتی سیاسی هەرێم وەکو پارێزەری نیزامی دیلهینەری سەرمایەداری و کۆمپانیا حزبیەکانیان وەکو بەشێک لەم سیستەمە تالانچییە، لەژیر ناو و پاساوی جۆرجۆردا وەکو دابەزینی نرخی نەوت، بوونی ژمارەی زۆری ئاوارە لەهەرێم، نەناردنی موچە لە بەغدا، و دەیان پاساوی تر بۆ چەندین ساڵ لە ژێر ناوی پاشەکەوتی موچەدا، موچە و کریی کریکاران و کارمەندانیان کردە نیووە و چارەکە موچە... هاوکات لێبرینی موچەیان بۆ ڕێژەی لە ٢١% بەدەستەوە گرتووەو مانگەکان درێژ دەکەنەوە.

لەم دوایانەدا لەگەڵ ئەوەدا نرخی نەوت لەسەر و ٦٠ دۆلارەوەیە، کەچی لێبرینی موچە بەردەوامە. لەگەڵ ئەوەدا کەدەسەڵات شایی و لۆغانی سەرکەوتنی دیبلۆماسی لەگەڵ بەغدا لەسەر پشکی موچە گێرا، کەچی هیچ ئاسۆیەک بۆ کۆتاییهێنان بە لێبرینی موچەو زیادکردنی کرێی کرێکاران و کارمەندان نییە.

زیادکردنی کرێ بەپێی هەڵاوسان و بەپێی چونە سەری گرانی بازاڕ، بۆ سەرجەم کرێکاران و کارمەند و موچەخۆران، دابینکردنی هەلی کار یان بیمەی بێکاری بۆ کەسانی ئامادەبەکار سەرو تەمەن ١٦ ساڵ، کۆتاییهینان بە لێبرینی موچە تادەگات بە ئازادی بی قەیدو شەرتی ریکخراوبوون، مانگرتن، و خۆپیشاندان... سەرەکی ترین ئەو خواستانە کە کرێکاران پێویستە لەم ئایارەدا وەکو داخوازی سەرەکی بەدەستیانەوە بگرن و نەخشەی خەباتی ریکخراو یەکگرتووانە بۆ وەدی هێنانیان دابڕێژن. هەر لەو چوارچێوەیەشدا پرسی خەبات بۆ یاسا کارێکی پێشرەو بکەنە قیبلەنومای خەباتی نەپساوە، کە زامنی خۆشگوزەرانی کۆمەلایەتی و هەموو مافەکانی کریکاران دابین بکات، بەبێ هیچ جۆرە هەلاواردنێک لەسەر بنەمای کرێکارانی خۆ وڵاتی و خاریجی... چینی کریکار لەهەرێمدا خاریجی بن یان خەڵکی هەرێمی کوردستان بن، دەبێ مافی چونیەک و یەکسانیان بۆ بەرەسمی بناسرێت.

**یەکی ئایاری ٢٠٢١**

# هێرشی تورکیا ڕێپێدراوە و ناڕەزایەتی بەرامبەری یاساغ!!

ڕژیمی فاشیستی تورکیا لە چوارچێوەی ملهوری و لەشکرکێشییە بەردەوامەکانیدا، کە تەواوکەری سیاسەتی سەرکوتی و ملهوڕانەی ناوخۆیەتی... جارێکی تر دەستی داوەتە هێرشیکی بەرفراوان بۆسەر ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان. وەکو هەمیشەش پاساوی پاراستنی سنورەکان و لێدان لە پەکەکەی بەردەستەوە گرتووە، کە لە ئاکامی ئەم هیرشانەدا خەڵکێکی یەکجار زۆر لە شوێنی ژیانیان هەڵکەندراون و زەرەرو زیانیکی زۆریش بە خەڵکی ناوچەکە گەیشتووەو کەشی سەربازی و میلتاریستی چەند بەرابەر بەسەر ناوچەکەدا سەپێنراوە... حزبە دەسەڵات



بەدەستەکانی کوردستان، کە بە ئاشکرا هاوکاری رژێمی فاشیستی تورکیا دەکەن و ڕیگایان بۆی ئاوەڵاکردووە تا بنکەو بارەگا بکاتەوە، بە فرۆکەی بێ فرۆکەوان کادر و لایەنگرانی ئۆپۆزیسیۆن بکاتە نیشانە و چاو ساغیشیان بۆ دەکرێت، وە ریگەی هیرشی سەربازیان بۆ سوپای درندەی تورکیا ئاوەڵاکردووە، کەچی لەبەرامبەردا ڕیگە لە هەڵسوڕاوان و جەماوەرەکەیان دەگرن بە شیوەی ئاشتیانە خۆپیشاندان و نارەزایەتی بەرامبەر بە لەشکرکێشی تورکیا دەربڕن... ئەم رەفتارەی هیزە ئەمنیەکانی حزبە دەسەڵات بەدەستەکان راستەوخۆ دەکاتە هاوکاری رژێمی فاشیستی تورکیا بۆ هیرش و ملهوری نواندن... ئەمەش لەلایەکەوە ناوەرۆکی خۆشخزمەتی بە ولاتانی ناوچە و لەلایەکی تریشەوە ماهیەتی سەرکوتگەرانەیان بەرامبەر بە ئازادی خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕین دەخاتە روو. هیزە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکانیش نوزەیان لێ نایەت و ئامادەنین ئیدانەی ئەم هیرش و ملهوڕیانە بکەن تا لە لەوەرگای دەسەڵات بێبەش نەکرێن.... کەچی لەبەرامبەر بە سەمای دوو لاو، کەڵلەی مەیویان بزوت و بە سوکایەتی بە کۆمەڵگەیان لە قەڵەمدا و خێلی ئیسلامی داعشی و محەمەدیش بە تەراویح و هەرەشە چاو سورکرنەوە دەیانەوێت کۆمەڵگە لەبەردەم ئازادییە فەردیەکاندا دابخەن و هەر چالاکی و بزوتنەوەیەکی مەدەنی و ئازادیخوازانە بەر پێبگرن... ئەم دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنە ئەزموونکراوە، بەبێ ڕاماڵینیان و سپاردنیان بە مۆزەخانەی مێژوو، کارێکی تریان لەگەڵ ناکرێت...

هێرشی سوپای تورکیا... بەر لەوەی بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنی تورکی و پەکەکە بێت، هێرشە بۆسەر ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان و ملهورییەکی ئاشکرای پاساو هەڵنەگرە، بۆیە پیویستە جەماوەری ئازادیخواز و بەهەر جۆرێک بۆیان دەکرێت و گونجاوە بەدژی ئەم ملهورییەی تورکیادا بێنە مەیدان و ڕیگرییەکانی دەسەڵاتی نۆکەر پیشەش بە هیزی جەماوەریان، کەنار بخەن.

**زیادکردنی کرێ بەپێی هەڵاوسان و بەپێی چونە سەری گرانی بازاڕ، بۆ سەرجەم کرێکاران و کارمەند و موچەخۆران، دابینکردنی هەلی کار یان بیمەی بێکاری بۆ کەسانی ئامادەبەکار سەرو تەمەن ١٦ ساڵ، کۆتاییهینان بە لێبرینی موچە تادەگات بە ئازادی بی قەیدو شەرتی ریکخراوبوون، مانگرتن، و خۆپیشاندان... سەرەکی ترین ئەو خواستانە کە کرێکاران پێویستە لەم ئایارەدا وەکو داخوازی سەرەکی بەدەستیانەوە بگرن و نەخشەی خەباتی ریکخراو یەکگرتووانە بۆ وەدی هێنانیان دابڕێژن. هەر لەو چوارچێوەیەشدا پرسی خەبات بۆ یاسا کارێکی پێشرەو بکەنە قیبلەنومای خەباتی نەپساوە، کە زامنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و هەموو مافەکانی کریکاران دابین بکات، بەبێ هیچ جۆرە هەڵاواردنێك لەسەر بنەمای کرێکارانی خۆ وڵاتی و خاریجی...**



**بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە فۆرمە گشتی و ناڕیکخراوەکەیدا ئەگەر بتوانێت دەسەڵاتیش رابماڵێت، بەڵام ناتوانێت کاری خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی یەکلابکاتەوە،**

## ئەنجومەنی مامۆستایانی ناڕازی: هەموو ڕێکاریکی مەدەنی دەگرینەبەر بۆ ڕەتکردنەوەی درێژەدان بەو "دزی و ستەمکارییانەی دەسەڵات...

ستەمی دەسەڵاتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و بێماف راگرتنی جەماوەری چینی کرێکارو کارمەند و فەرمانبەرانی کوردستان، بە شوێنێک گەیشتووە کە بەرگەگرتنی ڕۆژ بەڕۆژ سەختر دەبێت... بۆیە جەماوەری بێبەشی کوردستان و چین و توێژە بێبەشەکانی هەر ڕۆژە لە شوینێک و جێگایەک نارەزایەتی بەدژی ئەم دەسەڵاتە دزو تاڵانچییە دەردەبڕن...لەم چوارچێوەیەدا ئەنجومەنی مامۆستایانی ناڕازی لە درێژەی نارەزایەتی بەردەوامی موچەخۆراندا، لەڕێگای بەیاننامەیەکەوە بەدژی بەردەوامی




لێبرینی موچە، خویندنی ئۆنلاینی بێ بەرنامە و ئەو ستەمکارییە دەسەڵات، هەڵویستی خۆیان راگەیاند... لە بەشێکی بەیاننامەکەیاندا دەڵێن" **لای هەموان ئاشکرایە ماوەی شەش ساڵە مامۆستایان لە خەباتێکی مەدەنی بەرفراواندان دژی بێحورمەتییەکانی دەسەڵاتدارانی هەرێم بەرامبەر بە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە هەرێمی کوردستان، لەنوێترین بێحورمەتیکردنیدا بڕیاری بە ئەلکترۆنیکردنی خوێندنی داوە بەبێ هیچ ئامادەکارییەکی پێویست".** و داوا دەکەن دەرگای قوتابخانەکان بە رەچاوکردنی ڕینماییە تەندروستیەکان بکرێنەوە چیتر پرۆسەی خوێندن و پەروەردە بەرە دارمان نەبەن.
لە بەشێکی تری بەیاننامەکەیاندا بەدژی بەردەوامی لێبرینی موچە دەڵێن "**هاوکات سەرەڕای بەرزبونەوەی نرخی نەوت و دابەزینی بەهای دیناری عێراقی و ڕێکەوتنی نێوان هەولێرو بەغدا دەسەڵات دەیەوێت درێژە بەو کارە نایاسایی و دزییە ئاشکرایەی بدات و کۆتایی بە لێبڕینی موچەی موچەخۆڕان نەهێنێت"..**
هەروەها داوا دەکەن کە "**کۆتایی بەکاری نایاسایی ڕاگرتنی پلەبەرزکردنەوەی موچەخۆران بهێنرێت و بەزوترین کات پلە بەرزکردنەوە دەست پێ بکاتەوە ".**
یەکێکی تر لەخواستەکانی ئەنجومەنی مامۆستان و هاتنە دەنگیانە لەدژی سەرکوتگەری دەسەلات و دەستگیرکردنی ژمارەیەک لە رۆژنامەنوس و چالاکوانانی بادینان... داوا دەکەن کە ئازادبکرێن.
لەکۆتاییشدا بەیاننامەکەیاندا دەڵێن "**وەک هەمیشەو هەمو کاتێک ئەو دزی و ستەمکارییانەی دەسەڵات ڕەتدەکەینەوەو هەمو ڕێکارێکی مەدەنی و شارستانی لە مانگرتن و خۆپیشاندان و جۆرەها ڕێکاری تر دەگرینەبەر".**

## هیومان رایتس ۆوچ: پرۆسەی دادگایکردنی گیراوەکانی بادینان لە دادگای تاوانەکانی هەولێر پێشێلکاری یاسایی و دەستێوەردانی سیاسی زۆری تێدا بووە...

لەدرێژەی نارەزایەتی جەماوەری و دەنگ و رەنگە ئازادیخوازەکان و لەناوخۆ و وڵاتانی دەرەوەو ریکخراوە ئینسان دۆست و جیهانیەکاندا، بەدژی دەستگیرکردن و دادگایی کردنی ژمارەیەک لە رۆژنامەنووس و هەڵسوڕاوی جەماوەری و مەدەنی بادینان، ریکخراوی هیومان رایتس ۆوچ ی سەر بە رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە راپۆرتیکدا کە بەم دوایانە بڵاوبۆتەوە، رەخنەی راشکاو لەدەستگیرکردنی گیراوەکانی بادینان و هاوکات دادگای تاوانەکانی هەولێر دەگرێت و داوا دەکات چاو بخشینەوە بەو دادگاییکردنەدا.
لە بەشێکی تری بەیاننامەکەدا و لەزمانی بەلقیس ویلی توێژەری باڵای جەنگ و قەیراندا هاتووە"

"پرۆسەی دادگایکردنی پرکەموکوڕی لە هەرێمی کوردستاندا شتێکی نوێ نییە. بەڵام، پشتگوێخستنی سەرەتایترین پرنسیپەکانی دادگایکردنێکی دادگەرانە بۆ سزادانی خەڵک بەهۆی ئەوەی گوایە پلانیان دارشتووە بۆ رێکخستنی خۆپیشاندان ئاست نزمییەکی نوێ و لەڕادەبەدەر دەخاتە ڕوو"

شایانی بیر هێنانەوەیە گیراوەکانی بادینان بەر لە دادگایی کردنیان، لەلایەن مەسرور بارزانییەوە، وەکو تێکدەر و کارکردن بەدژی ئاسایشی هەرێم و کارکردن بۆ لایەنی دەرەکی تۆمەتبارکران و دادگا و دادوەرە محتەرەمەکانی!! بەرگری لە یاسا!!، تۆمەتەکانی سەرۆکی حکومەتیان کردە بەندی دادگاییکردن و بریاردان، بۆ داسەپاندنی سزای زیندانی گیراوەکان بۆ شەش ساڵ زیندانی کردن.
لەبەرامبەر بەو حوکمە بەعسیانەو نارەوایەدا، شەقام جوڵا و دەنگی نارەزایەتی بەشێوەیەکی فراوان بەرز بۆوە، کە بووە هۆی ئەوەی سەرۆکی هەرێم و زۆر بەرپرسی تر، باس لە دوبارە دادگایی کردنەوە و چاوخشاندنەوە بە دۆسیەکەیاندا بکەن، ئیمە لەبلاوکراوەی بۆپێشەوە زوو رامانگەیاند، کە هاتنە دەنگی سەرۆکی هەرێم و بەرپرسانی تری هەرێم بۆ چاوخشاندنەوە بە دۆسیەی گیراوەکاندا لە ژێر گوشاری جەماوەریدایەو هاوکات هوشیاریماندا کە ئەوە ڕیگایەکە بۆ خاوکردنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بەدژی ئەو دادگا پوچە حزبیەو حوکمە قەرەقوشیەکەی دادگای هەولێردا. درێژەدان بە نارەزایەتی هەمەلایەنەو فراوان و ریکخراو لەناوخۆ و دەرەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی بریاری دادگا و ئازادکردنی گیراوەکان، تاکە وەڵامە کە دەتوانێت دەسەڵات ناچار بکات گیراوەکان ئازاد بکات و سیناریۆ پوچەکانیشی دەست لێ هەڵبگرێت...

## لەبۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.


* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

• ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە

* هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...

بۆپێشەوە FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



# هێرشی ئیسلامیەکان و گروپی دواکەوتوو، بۆ سەر ئازادیی تاك مەحکومە!

## نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی

لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا لە شەقامی سەهۆڵەکەی شاری سلێمانی دوو لاوی بەهرەمەند لە هەڵوێستێکی تابۆشکێنانەو جوان بە شانۆی سەما و بە بەهرەی خۆیان "نا" یان وت بە هەموو کەلتور و داب و نەریتێکی دواکەوتو کە لەلایەن سیستمە یەک لەدوای یەکەکانەوە بەسەر خەڵکدا سەپاوەو بەردەوام بەرهەم دەهێنرێ. ڕوداوێک کە کاردانەوەی بلۆکی دواکەوتوویی و ئایین و چەقبەستوویی لێ کەوتووە. هەرێمی کورستان لە سایە سەری دوو حیزبی عەشیرەیی و ناسیونال دینی ساڵەهایە بە پلانەوە هەوڵی بەرهەمهێنانی خورافە و ئایینی تێدا کراوە. ناسیۆنالیزم و ئایین بەتایبەت ئایینی ئیسلام هەردەم تەواوکەری یەکدی بوون و هەوڵی چەوساندنەوەی مرۆڤەکان و دارمانی کۆمەڵگە دەدەن. ساڵەهایە پارەی خەڵک سەرفی پەروەردەی بیر و هزری خورافە و دروستکردنی مزگەوتە یەک لە دوای یەکەکان دەکرێ، لەحاڵێکدا بە دەیان مناڵی ژێر تەمەن و ژنی بێ سەرپەرشت لەسەر شەقامەکانی ئەو وڵاتە بەسەر دەبەن و هیچ خانە و لانەیەکیان نییە، ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێژەی بیناکردنی مزگەوتەکان زۆرتر دەبێ. لەحاڵێک کە زۆربەی خەڵک لەبەر بێ موچەیی و بێ دەرامەتی دەناڵێنن و چەند مانگ جارێک موچە وەردەگرن، مەلا مفتەخۆرەکانی ئەو وڵاتە بەتایبەت ئەوانەی لەلایەن دەسەلاتەوە ئەرکدارکراون مێشکی خەڵکی ئەو وڵاتە بە تایبەتی نەوەی نوێی بشۆنەوە ڕۆژ بە ڕۆژ بارودۆخیان باشتر دەبێ و باشترین ژیان دەکەن و هەموو تێچووی ژیانیان بەلاشە. ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێژەی خەڵکی دواکەوتوو و ئەوانەی مێشکیان لە بیر و هزری خۆرافە ئاخێنراوە دەچیتە سەرێ. ئەوەی جێگای داخە و زۆر مەترسیدارە لەناو ئەو ڕێژەیەدا بەشێکی زۆری لاوان و مناڵان و نەوەی نوێی ئەو ولاتەن کە ئەوە مەترسیەکی جیدی بۆ سەر کۆمەڵگەیە. ئەحزابی گەندەڵی کوردستان بۆئەوەی مێشکی خەڵک بەلارێدا بەرن و پرسی سەرەکی کە مەودای چینایەتی و ماف و ئازادی مرۆڤە بشارنەوە پەرە بە دواکەوتوویی و چەقبەستوویی و بەرهەمهێنانی بیری خورافە دەدەن، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ئەو وڵاتەیان خستۆتە گەڕ، پرسێک کە بۆ هەمووان رون وئاشکرایە. خەڵکی ئەو وڵاتە بەدەست هەژاری لە ڕادەبەدەر دەناڵێنن و هیچ ئەمنیەتێکی گیانی وماڵیان نییە، بەڵام بە ملیۆن دۆلار سەرفی ڕاگەیاندنە حیزبیەکان دەکرێ بۆ ئەوەی شەڕی دەسەڵاتی پێ بکەن و بیرۆکەی ئایینی بەتایبەت ئایینی قیزەونی ئیسلامی پێ بڵاوکەنەوە و بەرهەمبهێنن. ڕاگەیاندنێکی چەواشە و تەژی لە درۆ و هەڵفریودانی خەڵک کە بۆتە هۆکاری پشێوی و دووبەرەکی و توندوتیژی ناو کۆمەڵگە و شیرازەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای هەرێمی کوردستانی شێواندووە. لە دوای روداوی سەمای جوانی دوو لاوی بەهرەمەند لە شەقامی سەهۆلەکەی سلێمانی بە پلانی مەلا مێشک بۆگەنەکانی هەرێم و کەسانی ئایینی و دواکەتوو ئەوانەی دژی جوانی و شادی وئازادی خەڵک و لایەنگری کوشتن وبڕین و توندتیژین و مێشکی داعشیان هەیە هاتنە سەر شەقامەکان و ڕێک لەو شوێنەی ئەو دوو گەنجە سەمایان کرد نوێژی دواکەوتوییان خوێند، هەڵوێستێکی نامرۆڤانە کە دژ بە ئازادی تاک بوو و ئاستی پێشێلکاری ماف و ئازادیی مرۆڤەکانی لەو وڵاتە نیشان دا. هەڵوێستێک کە ئەگەر بە وردی ڕۆ بچینە ناخیەوە بۆمان دەردەکەوێ چۆن لە سایەی سەری ئەحزابی نالایەق و گەندەڵ شیرازەی کۆمەڵگە شێواوە و چۆن ئەو کۆمەڵگەیە بەرەو دارمان چووە. لەبەرامبەر هەلوێستی نامرۆڤانە و دواکەوتووانەی مەلایانی ئایینی و خەڵکی دواکەوتوو کە خۆیان قوربانی ئەو سیستمەن، بەرەی ئازادیخواز و لایەنگری ئاشتی و جوانی ئەوانەی کێشەی سەرەکی کە بوونی سیستمی نالایەق و نەبوونی پەروەردەی تەندروستە دەبینن و هەستی پێ دەکەن، پشتگیری خۆیان لەو دوو گەنجەو هونەرە جوانەکەیان بە تایبەتیی ئازادیی تاکەکەسی و تەندروستی کۆمەڵگە دەربڕێ و نایان وت بە دواکەوتوویی و چەواشە و خورافە. خەڵکی وشیاری و ئازادیخوازی هەرێمی کوردستان پێویستە لە بەرامبەر ئەو هێرشە ناڕەوایەی ئیسلام و ئایین بوەستنەوە و نەهێڵن ئەمرازەکانی دەسەڵات ژیان و ئازادیان بەرەو دارمان ببات ونەوەی نوێی بە بیر و هزری دواکەتوو پەروەردە بن.

مەلاکان و گروپی دواکەوتوی کۆمەڵگە، کە دەسەڵات لەپشتیانە، شەپۆلێک لە کوشتنی ژنان و خۆکوژی ژنان، مویەکی جەستەیانی نەبزواند و دەنگیان لێوە نەهات. لەبەرامبەر بە هێرشی ئەردۆغاندا بۆسەر کوردستان، نقەیان لیوە نایەت. لەبەرامبەر بێ موچەیی و لێبرینی موچەدا، هەستیان لەجوڵە کەوتووە. لەبەرامبەر بەو هەموو دزی تاڵانییە ئاشکرایەی دەسەڵاتدا میشکیان مەیووە. کەچی لە بەرامبەر بە نمایشێکی هونەریدا، گڕیان گرت و غەزەبی ئیسلامیان وەکو بارانی ناوەخت رژاندە سەر کۆمەڵگە... هەر ئەم گروپە لە پۆخڵەواتی کۆمەڵگە، بەرگری لە گەورە بە بچوک، لە فرە ژنی، لە سوکایەتی لیدان لە ژنان، لە زەواجی مناڵانی نۆ ساڵ، دەکەن... بەڵام بەرگەی هیچ دیاردە و سیمایەکی جوانی کۆمەڵگە ناگرن و دەیانەوێ لەو ڕێگایەوە بەر بە گەشەو پێشرەوی و کرانەوەی کۆمەڵگە بگرن... دیارە لەو مەئموریەتەیاندا، شکستخواردوون و ئەم هەراو هۆریایەشیان ئاکامی شکست و پاشەکشەیانە و کاردانەوەیەکی پوچە لەبەرامبەر ڕەوتی ڕوو لەپێشی کۆمەڵگە.

# سەمای شەقامی سالم و بەرگری نەکردن لەشوناسی پایتەختی رۆشنبیری...

## نووسینی: جەمال نوری

ئەم تابلۆیە ، تابلۆی سەمای کوڕوکچێکی بەڕەگەز عەرەب و خاوەن ڕەگەزنامەی وڵاتێکی ئەورووپاین لەشەقامی سالمی شاری سلێمانی لەیەکێک لەو کۆشکانەی سەرشەقامەکە دوای خواردنەوەی سەرو کوپ قاوە و گوێبیستی موزیکێکی خۆرئاوایی دانس دەبن، خۆڕسکانە لەژێر کاریگەری موزیکەکەدا لەو شوێنە گشتییەدا دەست دەکەن بەسەما ، بەجورێک سەرنجی تەواوی خەڵکی سەهۆڵەکە ڕادەکێشن بەلای خۆیاندا و بەو سەما جوانەیان دەبنە هەواڵی ڕۆژ لە میدیا و سۆشیال میدیای کوردی داگیر دەکەن، تابلۆکە لەلایەن هونەرمەند نوردالین جاف وێنەی کێشراوەو بەم تابلۆیە نوردین دەنگی خۆی خستۆە



پاڵ دەنگی جوان و خۆڕسکی ئەم کوڕو کچە کە ویستویانە لەم شوێنە گشتییەدا ئەو بێدەنگی و کەئابەی باڵی بەسەر خەڵکەکەدا کێشاوە لاببەن و نەختێک دڵی هاوڵاتیانی شارەکە بەم سەمایە خۆش بکەن.

سەمای ئەم کوڕو کچە توانی بە سەمایەکی کورت ببنە هەواڵی ڕۆژ و تەواوی میدیاو سۆشیال میدیا و کۆنترۆڵ بکەن، لەلایەکی ترەوە نەیارانی سەمای جوانی، تاریک پەرستانی بیری ئیسلامی سیاسی، پێیان هەزم نەکراو هەر بۆشەوی داهاتوو کۆمەڵێک خەڵکی ڕیش درێژی ئیسلامی سیاسی هاتنە شوێنی سەماکردنەکەو شوێنەکەیان بەئاو شوشت و دەستیان کرد بە نوێژی جەماعەت و تەراویحیان بردە سەهۆڵەکە، بەم هەنگاوەشیان سەلماندیان کە لەپایتەختی ڕۆشنبیری ئەوەی بەدڵی ئەوان نەیەتەوە بەرپەرچی ئەدەنەوە، ئەوەی ئەمرۆکە خاوەنی شمشێر نین بەئاو شوێنەکە دەشۆن لەئایندەدا دەستیان هەبێ بەشمشێر شەقامی سالم بەخوێن سور دەکەن، ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە نەوەزیری ڕۆشنبیری و نە پارێزگای شارو خاوەن دەسەڵاتی هەرێم بێدەنگی خۆیان نەشاردەوە و لەجیاتی لێپێچینەوە لەو تاقمەی ئیسلامی سیاسیانە بکردایە هاتن لێپێچینەوایان لەگەڵ خاوەن کۆشکەکە کردو بۆ چەند سەعاتێک کۆشکەکەیان پێ داخست و کەسیش ورتەی لەدەم نەهاتە دەر. بەم بێ هەڵوێستییە بەرپرسانی ڕۆشنبیری لەپایتەختی ڕۆشنبیری لەم تاقیکردنەوەدا ڕاسب بوون و نەیانتوانی بەرگری لەشوناسی شارەکەیان بکەن، بەڵام جەماعەتی ئیخوانی و سەلەفی و مەدخەلیەکان هەر ڕۆژ نەبوەوە لەسەر سەمای کوڕو کچەکە یەخەی داواکاری گشتیان گرت تاوەکو سزای یاسای بدرێن بەبیانووی ئەوەی مانگی ڕەمەزانە و شوێنەکەش شوێنی گشتی یە، لەکاتێکدا خۆیان مزگەوتیان لەم کاتی کۆرۆنایەدا بۆ فەراهەم کراوە، دێن یاسای تەندوستی و ژووری عەمەلیاتی کۆرۆنا پێشێل دەکەن و نوێژی تەراویح دەبەنە سەر ئەو شەقامە گشتیە. ئەوەی مەبەستی ئەم وتارەی ئێمەیە کوا ڕۆشنبیرانی پایتەختی ڕۆشنبیری، کە دەنگیان بوێرو دلێرانە بەرز بکەنەوەو ڕێگا نەدەن ئەو دەنگە بزێو و سەرکێش و خۆڕسکەی شارەکە بەدوو ڕکاعەتی مەرامی سیاسیانەی ئیسلام گەرەکان سەرکوت بکرێ، دەستخۆشی زۆرم بۆ هونەرمەندی بوێرکاکە نورالدین جاف کە ئازایانەو ئازادانە بەهونەری شێوەکاری هەڵوێستی جوامێرانەی خۆی سەلماند.


# شەپۆلێك لە خۆكوژی و كوشتنی ژنان و نیگەرانی سەرۆك!

عەبدوڵا مەحمود



لەم چەند هەفتەی رابردوودا، شەپۆلێکی بەرین لە خۆکوژی و ژن کوژی، لەژێر سایەی دەسەڵاتی پیاو سالار و دژە ژنی هەریمدا، روویدا. چەندین ژن لەلایەن کەس و کار و کەسانی نزیکیانەوە گیانیان لێ سەندرایەوە و تیرۆرکران، چەندین ژنیش بۆ راکردن لە دۆزەخی ژیانیان و بێ ئومید بوونیان لە ژیان، دەستیان چووە گیان خۆیان و کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا...

سەرۆکی حکومەتی هەرێم!! لەبەرامبەر بەو شەپۆلە لە خوێنڕیژی ژنان، نیگەرانی!! ڕاگەیاند و وتیشی" هیچ شەرەفێک لە ژن کوشتندا نییە"... هەندێک نووسەری دژە ژنیش نیگەرانی ئەوە بوون کە بەشێک لە میدیاکان، هەواڵی ئەم ژن کوژییەیان بڵاوکردۆتەوەو زیاد لە پێویست گەورەیان



کردووەو گرنگیان پێی داوە.

ژن کوژی و ناچاربوونی ژنان بەخۆکوژی، بێوەستانەو کەم هەفتەو تەنانەت رۆژ هەیە، ژنێک یان چەند ژنیک نەکوژریێت، یان ژنێک یان چەند ژنێک دەست بۆ خۆکوژی نەبەن... ریشەی ئەم هەلومەرجە سەختە کە ژنانی روبەڕووی بێ مافی، چەوساندنەوە، توندوتیژی روحی و جەستەیی تا تیرۆکردنیان دەگەڕیتەوە بۆ نیزامی لینگەوقوچی سەرمایەداری و ئەو بێمافی و ستەمەی لە مندالّدانی ئەم سیستەمدا رەگی داکوتاوە، بەڵام ئەم ئاستە لە ژنکوژی و ئەو رادەی لە خۆکوژی ژنان، لە وڵاتانی وەکو عیراق و کوردستاندا، بەجیا لە سیستەمی سەرمایەداری، پەیوەندی بە پیکهاتەی ئەو دەسەڵات و یاسایانەوە هەیە، کە بەسەر کۆمەلگەدا زالّکراون. راستە لەهەموو دنیای سەرمایەداریدا ستەم و بێمافی ژنان هەیە، خۆکوژی و کوشتنی ژنان هەیە، بەڵام لەبەرامبەردا یاساو لیپرسینەوە و بەدواداچوونیش هەیە. رودانی کوشتن و



بێمافیەکان، وەکو روداوی شەرم ئاوەر لیبان دەڕوانرێت و کۆمەڵگە لەبەرامبەریاندا هەستیارەو دەسەڵاتی سیاسی و یاسایش ناچارە دەست بداتە لیپرسینەوە و گرتنەبەری ڕیکاریی جۆراو جۆر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان. ئەوەی دەسەڵاتە رەشە میلیشیایەکان، سەربازی و دیکتاتۆریەکان، دەسەڵاتە ئیسلامیەکان، دەسەلاتە سەڕچاوەگرتووەکان لە شەریعەت، جیا دەکاتەوە لە ولاتانی ئەوروپایی و پێشکەوتوو، ئەوەیە کە دەسەڵات لە وڵاتانی وەکو عێراق و ژێر سیبەری دەسەڵاتی میلیشییاییدا، خۆی بەشێکی فەرمی لە ستەم و بێمافیەکانی ژنانە و ئەو ستەم و بێمافیەش بە یاسایی کراوە... تێکەڵکردنی دین و سیاسەت، دین و پەروەردەو فیرکردن، دین وەکو سەرچاوەی یاساکان، رودانی تیرۆر و کوشتنی ژنان دەکاتە روداوێکی ئاسایی و تا ئەو ڕادەیەی کۆمەلگەش وەکو پێویست پی هەراسان و هەستار نەبێ. جێگای ڕامانە ئەم شەپۆلی ژن کوشتنە یەک حزبی سیاسی نەجوڵاند بە بەیان و راگەیاندنێک ئیدانەی ئەم تاوانکارییە بکەن!!

کوشتنی ژنان لە کوردستان وەکو هەر کوشتنێکی تر تەماشا ناکرێت... کوشتنی ژن وەکو کوشتنی بە دەستی ئەنقەست لێی ناڕوانرێ و بەو پێیەش سزای یاسایی بۆ کوشتنی ژن، وەکو کوشتنی کەسێکی تر نییە... پاساوی پاریزگاری لەشەرەف، قودسیەتی خیزان، ڕیگای داوە تاکی ژن پیناسەی لە بەرامبەر تاکی پیاودا لەخوارتر بیت، چونکە چەمکی شەرەف بە ژنەوە بەستراوەتەوە. بە پێی یاسای سەرچاوەگرتوو لە شەریعەت ژن پلە دوو، لاوازەو فەزڵی پیاو بەسەر ژناندا بە بنچینە وەرگیراوە...چەند ژنە و تەمێکردنی ژن لەلایەن پیاوەوە بەشێکە لە حوکمی ئیسلام و ئەمانەش لەیاساکاندا جیگیر کراون...

ئەگەر لەیەک رۆژدا دەیان ژن بکوژرێن یان ناچار بەوە کرابن خۆکوژی بکەن... دەسەڵاتی سیاسی مێشیش میوانی نییە، سەرۆکی حزبەکان ناچار بە کۆبونەوەیەکی نایاسایی ناکات... لە کاتێکدا بۆ وەرگرتنی پۆستەکان، بۆ برا بەشی لە داهات و دزییدا، بۆ قسەباسکردن لەسەر پرسی زۆر ناچیز



و لاوەکی سەرۆکی یەکەمی حزبەکان کۆدەبنەوە... نووسەرانی سەر بە بزوتنەوەی کوردایەتی و رەوتە سیاسییە ئیسلامیەکان، لە رتوشکردنی رەوایدان بەم واقعیەتە قێزەونەدا رۆڵیان کەم نییە.

سەرۆکی حکومەت دەڵێ نیگەرانم!! ئەی کەوایە کی دەستی گرتوون بچین ئەو یاسا دژە ژنانە بگۆڕن، بکوژانی ژنان وەکو بکوژی هەر ئینسانێک رادەستی دادگا بکەن و دیوەخانەکانی سولّحی عەشایەری دابخەن...

فرمیسکی تیمساحی هەڵوەراندن بۆ ژنان



گیانی هیچ ژنیک لەدەست پیاوسالاری ناپارێزێت...سوکایەتی و لیدان و تیرۆرکردنیان کەم ناکاتەوە، دۆزەخی خیزانی بۆ ژنان ناگۆڕێت...

بۆ سنورداکردن و کەمکردنەوەی کارەساتی ژنکوژی و خۆکوژی ژنان، دەسەڵات بەرپرسی یەکەمە، دەسەڵات بەجیاکردنەوەی دین لە سیاسەت و خوێندن و پەروەردەو یاساکان، بە جیگیرکردنی یاسای مەدەنی، بە لیپرسینەوەو سزادانی یاسایی بکوژانی ژن،




وەکو بکوژی ئینسان، دەتوانێت رادەی ئەم کارەساتەی لە هەرێمدا هەیە کەم بکاتەوە هاوکاتیش کۆمەڵگە هەستیار بکاتەوە بەرامبەر بە پرسی ژنان و ئەو زوڵمە هەزار سەرەی لەسەریانە.

دیارە دەسەڵات بەخۆشی خۆی نە دەست بۆ گۆرانی یاساکان دەبات و نە بکوژانی ژنان رادەستی یاسایەکی مەدەنی و دەکات و نە دیوەخانی سولّحی عەشایەریەکان دادەخات. بۆ ئەوەی دەسەڵات ناچار بکرێت، دین و دەوڵەت و سیاسەت، دین خوێندن و پەروەردە، دین یاساکان لە یەکتری جیابکاتەوە، پیویستی بە گوشاری بزوتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان، بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە پێشکەوتنخوازەکان هەیە... لەهەر جێگایەکی دنیاشدا ئەگەر ماف و ئەرکی ژنان تا ڕادەیەک گۆرانکاری بەسەردا هاتبێت و بەشیکی لە مافەکانی ژنان بە یاسا جێگیر کرابیت... ئەوە تەنها ئاکامی گوشاری بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان بووە.

سەرۆکی حکومەتیش بۆ ئەوەی نیگەرانیە فریوکارییەکەی بگۆرێت بە نیگەرانی واقعی، پێویستە رووبەڕووی بزوتنەوە کۆمەلایەتیە ئینسان دۆست و پیشکەوتنخواز و ئازادیخوازەکان بیتەوە.



# ڕۆڵی پارتی لە تیرۆری هاوڕێیان شاپور و قابیل دا...

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

١٨ ئەم مانگی ڕابردوو ٢٣ ساڵ بەسەر تیرۆری هاوڕێیان شاپور عەبدولقادر و قابیل عادل دا تێپەڕی. شاپور و قابیل دوو ڕابەری ناسراو و دوو ڕوخساری خۆشەویستی چەندین بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی لەوانە" کۆمەڵەی ئاوارەکان، یەکێتی بێکاران و بزوتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان" لە کۆمەڵگەی کوردستان و هاوکاتیش دوو کادری بەرجەستە و خۆشەویستی ڕابەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بوون.

تیرۆری ئەو هاوڕێیانە لە شاری هەولێرو لە ژێر سایەی دەسەڵاتی پارتییدا لە کاتێکدا ڕوویدا، کە پارتی کەمتر لە ساڵ و نیوێک بوو لەڕێگای خۆ ڕادەستکردنی بەرژێمی درندەی بەعسدا، و بە پێشلەشکری ئەو سوپا دڕندەیەی بەعس گەڕایەوە ناو هەولێر و هاوسەنگی هێزی لەبەرامبەر یەکێتیدا بە سودی خۆی گۆڕی. بەگەڕانەوەشی بۆ ناو شاری هەولێر و لە شەڕی دەرکردنی یەکێتیدا خەڵکێکی یەکجار زۆری کوردستانی لەترسی سوپای بەعس توشی ئاوارەیی کرد. لەم خۆشخزمەتی چاو ساغیەی پارتیدا، ژمارەیەکی زۆر لە کادر و ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بەدەستی سوپای بەعس و پارتی کوژران و ژمارەیەکیشان دیل کران، کە دواتر ئیعدام کران. پارتی لەگەڵ گەڕانەوەی بەشیوەیەکی زۆر دڕندانە کەوتە گیانی نەیارانی سیاسی خۆی، بەتایبەتیش کادر و هەڵسوڕاوانی یەکیتی نیشتیمانی. بەجیا لەوانە پارتی دەستی دایە گرتنەبەری چەندین ڕێگا بۆ ئەوەی کۆسپ و لەمپەرەکانی بەردەم خۆقایمکردن و داکوتانی پایەی دەسەڵاتدارێتیەکەی لابدات و وەکو تاکە دەسەڵاتی ئەو شارە خۆی پێناسە بکاتەوە. لەچوارچێوەی ئەم ئامانجەیدا، بەشێکی یەکجار زۆر لە کادر و فەرماندەو هەڵسوڕاوان و ئەندام و تەنانەت لایەنگرانی یەکیتی دەرکرد و ئاوارەی زۆنی سەوزی کردن و دەستی بەسەر ماڵ و مولکیان گرت. بەم جۆرەش پارتی ئاوارەیی لەناو هەرێمی کوردستاندا لەسەر مەبنای بیروباوەری سیاسی جیاواز، کردە واقعیەتیکی قێزەون. دیارە یەکیتی نیشتیمانیش لە بەرامبەردا درێغی نەکردو هەر لەو کاتەشەوە پارچەپارچە کردنی هەرێم لەسەر دەستی ئەم دوو هێزە جێگر کراو بە کردەوەش هەرێم کرا بە دوو زۆنی ژێر سایەی دوو دەسەڵاتی نۆکەر بە وڵاتانی ناوچەکە.

بۆ پارتی گرتنەوەی شاری هەولیر تا دیگەڵە، ڕاوەدونانی یەکێتی تا سنورەکان، گورزێکی کەمەر شکێن بوو لە یەکێتی و باڵانسی هێزی بە قازانجی خۆی گۆڕی، بەڵام ئەمە بەتەنها نەیدەتوانی دەسەڵات لەدەستی پارتیدا قوتبی بکاتەوە. چونکە بە جیا لەوەی هێزی سیاسی تر هەبوون لە هەولێردا، هاوکات پارتی لەگەڵ واقعیەتێکی تر ڕووبەڕوو بوو. واقعیەتی بوونی هێزێکی کۆمۆنیستی، ئامادەیی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی. پارتی کەپێشتر لەسەر رەشەوە شاهیدی هەڵسورانی کۆمیتەی هەولێری حزب و چالاکیەکانی بوو، شاهیدی سازدانی دەیان کۆڕ و سمینار و جدار حر و ئاکسیۆنە ئایارییەکان بوو کە بەهەزاران کەس بەشداریان تیادا دەکرد. شاهیدی دەنگی رادیۆی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی بوو، وەکو تاکە بڵنگۆی راستبیژی کۆمۆنیستی و رۆڵی لە خستنەڕووی خۆشخزمەتی پارتی و پیشلەشکردی بۆ سوپای بەعس لە ٣١ ئابدا. شاهیدی بوونی بنکەی کۆمەڵەی ئاوارەکان، بنکەی ڕێکخراوەی سەربەخۆی ئافرەتان، بنکەی یەکیتی بێکاران، بارەگای حزب، نووسینگەی بڵاوکراوەی بۆپێشەوە...بوو. شاهیدی چالاکی کۆمەڵەی ئاوارەکان و نەخشی ئەو ڕێکخراوە بوو بۆ بەرگری لە ئاوارەکان و فەراهەمکردنی خواردن و پێداویستی بۆیان. شاهیدی ئیعتیبار و جێکەوتنی کۆمەڵەی ئاوارەکان و دانپیانانی بوو لەلایەن ریکخراوەی یوئین و ڕیکخراوە ئینسان دۆستەکانەوە. شاهیدی رۆڵی یەکیتی بێکاران و کۆبونەوەی هەزاران کەس لە خەڵکی کرێکار و زەحمەتیکش بوو لەدەوریان. شاهیدی حزوری بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و هەوڵی ئەو ژن و پیاوە ئازادیخوازنە بوو کە دەیانویست یاسای باری کەسێتی بگوڕن. شاهیدی رەوتێکی ئازادیخوازانەو سیکیولاریستی بوو بەدژی کۆنەپەرستی سیاسی و رەوتە ئیسلامیەکان... بەکورتی هەولێر یەکێتی لێ دەرکرابوو، بەڵام کۆمۆنیزم و ئامادەیی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی و ریکخراوە جەماوەرییەکان کە ئیلهامیان لە حزب وەردەگرت و بەکردەوە حزب پشتیوانییان بوو... ئەو مەترسیە بوو کە پارتی بەجدی حسابی لەسەر دەکرد. بەتایبەتیش کە پێشتر لە کوردستاندا چ پارتی و چ یەکێتی و خانەوادەی بۆرژوازی کورد بەگشتی هەرگیز لەگەڵ هێزو رەوتێکی ئاوا کۆمۆنیستی بەرەو روو نەببوون. ئەم واقعیەتە هێندە تاڵ بوو بۆ پارتی کە نەخشە دارشتن بۆ کەنارخستن و گوزر وەشاندن لەدوای لێدان لە یەکیتی، بەشێکی سەرەکی لە بەرنامەو نەخشەی پارتی بوو.

حزوری حزبی کۆمۆنیزمی کریکاریی و ریکخراوە جەماوەریەکان و چالاکیەکانیان، بەرهەمی ڕێکخستنەکانی حزب و رۆڵی ژمارەیەک لەکادر و رابەرانی حزب بوو، کە هاوڕێیان شاپور و قابیل، دوو کاراکتەری زۆر بەرجەستەو دوو روخساری ناسراو و خۆشەویستی حزب و بزوتنەوە جەماوەییەکان بوون. پارتی بۆ لێدان لە کۆمۆنیزم و ڕیکخراوە جەماوەییەکان و پاشەکشە پێکردن بە کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی، پێویستی بە زۆر ڕێگا هەبوو لەکەڵک وەرگرتن بۆ هۆنینەوەی درۆو بۆختان تا دەگاتە بەدەستەوەگرتنی رەوتە ئیسلامییە چنگ بەخوێنەکان و تا دەگاتە هەڵخراندنی ریزی مەلای بەلاشخۆری وەکو مەلا بەشیری فتواچی و تا وەشاندنی گوزی ترسنۆکانەو تیرۆریستی.

لەوچوارچێوەیەدا پارتی چ لە رێگای هەڵخراندنی ئیسلامیەکان و مەلاکانی لەچەشنی مەلا بەشیر و فتواکانی و چ لە رێگای دەزگای پاراستن و کەناڵ و دەزگا میدیایەکانی بەتایبەتی گۆڤاری گوڵان، فەزاسازیەکی لەدژی کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی دەستپێکرد و پرسی ژنانی کردە رووپۆشی هیرشیکی بەرین بۆسەر کۆمۆنیزم و حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی. لەدڵی ئەو فەزا سیاسیەدا کە پارتی خۆی جوڵێنەر و ئەندازیاری سەرەکی بوو، لە کردەوەیەکی ترسنۆکانەی تیرۆریستیدا هاوڕێیان شاپور قابیلیان کردە نیشانە. لە کاتێکدا شاپور و قابیل لە یەکیتی بێکاران بوون بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ ئاکسیۆنی ئایار، کەوتنە بەر دەستڕێژی باندێکی ئینسان کوژ و گیانیان بەختکرد. جێگای بیرهێنانەوەیە کە بینای یەکێتی بێکاران تەنها چەند سەدمەترێک لەئاسایشەوە دوور بوو.

پارتی وەکو دەسەڵاتی هەولێر، لەبەرامبەر بەو کردەوە تیرۆریستیەدا، ئیدانەی تیرۆرەکەی کرد و لە دانیشتنیشی لەگەڵ وەفدی رابەری حزبدا بەڵێنیاندا کە فتوادەران و بکوژانی شاپور و قابیل دەستگیر و رادەستی دادگا بکەن. لەوەش واوەتر لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا بە ئیمزای سەرکرایەتی حزبی و کۆمۆنیستی کرێکاریی و پارتی، پارتی بەڵینی پابەندبوون بە ئازادی هەڵسورانی سیاسی دا، بەڵام بەکردەوە پێچەوانەی ئیمزای خۆیان مامەڵەیان کرد و لەوەش زیاتر ئولفەت گرتنیان بە سیناریۆ سازی، دوبارە کردەوە.

پارتی نەک پابەندی ڕێزگرتن لە ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی حزب و لایەنە سیاسییەکان نەبوو، بەڵکو تەنانەت ئامادەنەبوو بنکەی یەکێتی بێکاران و ڕیکخراوەی سەربەخۆ رادەستی ئەو رێکخراوانە بکاتەوە، کە لەکاتی تیرۆری هاوڕییان شاپور و قابیلدا دەستیان بەسەردا گرت. ئەو بنکانە پڕ بوون لە ئەرشیف و بەڵگەنامەی چالاکیەکان و ممتەلەکات کە پارتی دەستی بەسەردا گرتن و تا ئیستاشی لەگەڵ بیێت لای پارتین.

هاوکات نەک فتوادەرانی رادەستی دادگا و لێپرسینەوەی یاسایی نەکرد وەکو بەڵێنی دابوو، بەڵکو مەلا بەشیری فتواچی کردە ئەندام پەرلەمانی کوردستان و راژەکەشی لە مەئموریەتی بۆ یەکگرتووی ئیسلامیەوە گواستەوە بۆسەر مەئموریەت و خزمەتکاری بۆ پارتی و ئیستاش لەسەر لیستی ئەو جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراقە.

لەهەموو ئەوانەش واوەتر ئەو چەند کەسەی کە گوایە وەکو بکوژی شاپور و قابیل دەستگیرکراون، لەم دوایانەدا دەرکەوت کە ئەمانە لە کاتی کوشتنی شاپور و قابیلدا خۆیان زیندانی بوون لەسەر کیشەی تر. پارتی لەچوارچیوەی سیناریۆ سازییە پوچەکانی خۆیدا ناچاری کردوون کە دۆسیەی کوشتنی هاوڕییان شاپور و قابیلیش بگرنە ئەستۆی خۆیان. دیارە ئامانجی پارتیش لەم کارەی ئەوە بووە بکوژانی راستەقینەو نەخشەکیشانی ئەم تاوانکارییە، بشارێتەوە و شانی خۆی لەم تاوانە لێخوشبوون هەڵنەگرە خاڵی بکاتەوە.

بەم شێوەیە پارتی بۆ پاشەکشەپێکردن بە کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی هێرشی هەمەلایەنەی خۆی بۆسەر نەیارانی دەستپیکرد و تیرۆری هاوڕێیان شاپور و قابیلیش، لەچاچێوەی ئەم ئامانجەیدایە. دیارە ڕۆڵی سەرەکی پارتی لە ژینگە سازکردن و تیرۆری هاوڕێیاندا، بەهیچ جۆریک شانی فتواچیان و ئیسلامیەکان و رۆڵیان لەم کردەوە ئینسانکوژیەدا کەم ناکاتەوە. تا ئەو کاتەش پارتی نەخشەدارێژەرانی سەرەکی و بکوژانی هاوڕێیان شاپور و قابیل ئاشکرا نەکات و ڕادەستی دادگایان نەکات، ئەم دۆسیەیە بەکراوەیی دەمێنێتەوە.

**ئەپریلی ٢٠٢١**

**تێبینی: ئەم بابەتە لە ئۆکتۆبەری ژمارە ١٠ دا بڵاوبۆتەوە**

## پرسی ژن ؟



توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

# ئافرەت لەنێوان ماڵداری و کارکردن لە دەرەوە "



نووسینی: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

هەرچەندە لێرەلەوێ بیروبۆچوونی جیاواز هەیە لەسەرکارکردنی ئافرەتان, بەڵام ئەگەر بێین و بەئینسافەوە دیقەت بدەین و بدوێین دەبینین لەزۆربەی هەرەزۆری ئەوشوێنانەی کەئافرەتان کاری لێدەکەن و بەرێوەی دەبەن لەرووی سەرکەوتنەوە پێشی پیاوان دەکەون هەم لەرووی خێرایی لەکارکردن هەم لەرووی بەفیرۆنەدانی کات و بوارنەدان بەرۆتینیات، ئەگەر تەماشاکەین دەبینین لەدوای 2003 ەوە بەشێوەیەکی بەرچاو ئافرەتان لەماڵەکانەوە هاتنەدەرەوە و هەنگاویان نا بەرەو کارکردن لەدەرەوەی ماڵ، لەئێستادا ڕەنگە کون و کەلەبەرێک نەبینیت کەئافرەتان کاری لێنەکەن و توانا و کارامەیی خۆیانیان لێوە نەسەلماندبێت، لەمارکێتەکان و مۆڵەکان و فەرمانگەکان و کۆمپانیاکان و قوتابخانەکان و باخچەکانی ساوایان ئافرەتان ڕۆلێکی بەرچاویان هەیە و چوست و چالاکن لەبەرێوەبردنی کارەکان، بەسەرنجدانمان لەوشوێنە تایبەتی و گشتیانەی کەرۆژانە خودی خۆمان سەردانی دەکەین و کارمان دەکەوێتە ئەویَ دەبینین ئافرەتان هیچیان لەپیاوان کەمتر نییە لەبەرێوەبردنی کارەکان و لەزۆر شوێنیش هەرئافرەتە بەرێوەبەرەو دەیان کارمەندی پیاوی لەلایە و بەشێوەیەکی لێهاتووش کارەکانی رایی دەکات، کاروباری رۆژانەمان بۆمان دەسەلمێنن لەمارکێت و مۆڵەکان و فەرمانگەکان باشتر کاروباری هاوولاتیان رادەپەرێنن وەک لەپیاوان، بۆیە بەم سەرنجدانانەمان ئەوەمان بۆروون دەبێتەوە و ئەو وتانەمان لەلا بەدرۆدەکەوێتەوە کەدەڵێن ئافرەت توانای بەرێوەبردنی کاری نییە لەدەرەوەی مەتبەخی ماڵ، واتا زۆریَ لەپیاوان پێیان وایە کەئافرەت جگە لەخواردن ئامادەکرن بۆماڵ و منداڵ توانای هیچی تری نییە و ناتوانێت کاری تر بەرێوەببات. ئەگەر لەقوتابخانەکانیش سەرێک بدەین لەمامۆستا ئافرەتەکان دەبینین زۆرلەمامۆستا پیاوەکان باشتر منداڵەکان پەروەردە دەکەن و بۆداهاتووی ئەم ولاتە پێیان دەگەیەنن، بۆیە دەبێت هەم کەرتی گشتی و هەم کەرتی تایبەتیش باشتر و زیاتر بوار بدەنە ئافرەتان بۆئەوەی توانا و سەلیقەی خۆیان بسەلمێنن و خزمەت کۆمەڵگە بکەن و هاوشان و هاوتەریب لەگەڵ پیاوان کاروباری ژیان و کۆمەڵگە بەرێوەببەن. لەگەڵ گەیشتنی مرۆڤ بە قۆناغی پێگەیشتن هاوکات کارکردنیش دەبێتە ئەرکی تاکەکان، مرۆڤەکان هەرچەند زیاتر کار بکەن ژیان و گوزەرانیان باشتر دەبێت و چەندەش دڵسۆزانەتر کار بکەن ولات گەشانەوەی پتر بە خۆوە دەبینێت جا لەهەر کەرتێکی کارکردن بێت. بۆیە وەکو رێزێک لەکار و ماندووبوونی کرێکاران، جیهان رۆژی١/٥ ی تایبەت کردووە بە چینی کرێکار، لە زۆربەی ولاتانی دونیاش بە شێوازی جیا جیا ئەم رۆژە پیرۆز رادەگیرێت، لە رۆژگار و سەردەمی ئەمڕۆشماندا کە ژیان قورستر و پێویستیەکان زیاتر بووە و فشاری کارکردنیش هەڕەشەیە بۆ سەر توانای مرۆڤەکان، بۆیە لەم سالانەی دواییدا ئافرەتانێکی زۆر هاتنە نێو گۆڕەپانی کارکردن و کەم کردنەوەی فشاری کارکردنی تەنیا رەگەزیکیان گرتە ئەستۆ، لە ئەنجامیشدا بەشێکی زۆری ئەو پاڵەپەستۆ داراییانەی خێزان کەمدەبنەوە کاتێک ئافرەت و پیاو شان بە شان کاردەکەن و داهاتیان دەبێت، تا ئێرە روون و بەرچاوە، بەڵام ئەوەی نادیارە ئایا ئەو ئافرەتە کرێکارەی کە رۆژانە بەپێی ئەو کاتژمێرانەی کە بۆی دیاری کراوە کار دەکات و دوای تەواوبوونی ئەرکەکەی کە دەگەڕێتەوە ماڵەوە دەتوانێت وەک پیاوێکی لە کار گەڕاوە پشوو بدات ؟؟ بێگومان نەخێر !! چونکە لە ماڵەوە کاری قورستر چاوەڕێی ئافرەت دەکات کە کولتوری پیاو سالاری کردوویەتی بە ئەرکی ئافرەت، واتا ئافرەتی کارمەند لە نێوان کاری ماڵەوە و دەرەوە و منداڵ بوون و بەخێوکردن کە قورسترین کارە لە مێژووی مرۆڤایەتی هێز و توانایەکی زۆر لەدەست دەدات و هیلاک بوونێکی لە ئەندازە بەدەر جەستەی دەتەنێ کە تەنها خۆی و و ئەوانە هەستی پێدەکەن کە لە رۆڵی ژنان و ماندووبوونیان تێدەگەن. لێرەشدا زۆر کەمن یا هەر نین، ئەو پیاوانەی لەسەر عەرشی غرووری پیاوەتیان دابەزن و هاوشانی ژن کارو ئەرکی ماڵەوە راپەڕێنن و بەشێک لە کاروباری ماڵەوە لە ئەستۆ بگرن وەک ئەرکی خۆیان نەک هاوکاری ژنەکانیان، بەم شێوە و ستایلە ژیان ئاسانتر ویژدانی پیاو ئاسوودەتر دەبێت و ژنیش لە رووی جەستەیی و مۆرالیەوە هاوسەنگ و جێگیرتر دەبێت.

# ئەم دونیا پێچەوانەیە دەبێت ڕاست بکرێتەوە



هەموو ساڵێک لەیەکی ئایاردا بە سەدان ملیۆن کرێکار، جەژنی هاوپشتی چینی کرێکار دەگرن. لەم ڕۆژەدا، شەقامی شارەکان ڕەنگ و ناسنامەی ئینسانی دەگرنە خۆ. هەموویان پێکەوە دەبن بە یەک ڕەنگ و یەک سرود دەخوێنن. پڕوپوچی وەک نەتەوەو، ڕاسیزم وهەڵاواردنی دینی و ڕەگەزیی و ڕەنگی پێست، لەبەردەم یەکگرتوویی ڕیزەکانی کرێکاران لەسەرتاسەری جیهاندا چۆکدا دەدەن و تەسلیم دەبن. کرێکاران لەم ڕۆژەدا بریاری ڕاوەستانی یەک ڕۆژ کارکردن دەدەن. لەم ڕۆژەدا دونیا لەگەشەکردن ڕادەوەستێت. بۆ هەموان دەردەکەوێت کە چ هێزیکە و ئەوانە کێن کە شارستانیەتی ئەمرۆ دەخولقێنن. هیچ کەس ناتوانێت حاشا لەم ڕاستیە بکات کە ئەوە کرێکارانن کە ئەم دونیایە بە پێوە ڕادەگرن.

گومان لەوەدا نییە کە تەکنەلۆژیا لە ئێستادا گەیشتوەتە ئەوپەڕی خۆی، بەرهەم و کارو توانای ئینسان بە شێوەیەکی بێ وێنە لە چاو ڕابوردودا چوەتەسەر، ڕۆژ بەڕۆژ داهێنانی تازە دێتە ئاراوە کە هەموانی توشی سەرسوڕمان کردوە. بەڵام هێشتا هەژاری و برسێتی وبێ ئیشی و نەخۆشی باڵی بەسەر دونیادا کێشاوە. بە ملیۆنەها ئینسان لە برساندا دەناڵێنن، ملیۆنەها منداڵ دەمرن بەهۆی ئەوەی کە دایکو باوکیان ناتوانن بژێوییان بۆ دابین بکەن. ملیۆنەها ژن لە دەست هەڵاواردنی جنسی دەناڵێنن. کەم نین ئەوانەی کە بەهۆی هەندێ نەخۆشیەوە دەمرن کە بە ئیمکاناتێکی کەم دەکرێت چارە سەر بکرێن. بە ملیۆنەها ئینسان بەهۆی شەڕی دینی و تایفی و نەتەوەییەوە دەکوژرێن و ئاوارە دەبن و شارو گوندەکانیان وێران دەکرێن. هەرئێستا دەبینین کە دەوڵەتانی بۆرژوازی و نەتەوەپەرست و ئیسلامیەکان و پێشبڕکێی نێوان ئەمەریکاو ڕوسیا، لە پێناو دووبارە دابەشکردنەوەی دونیا بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان چ کارەساتێکیان بەسەر خەڵکی هەژاری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێناوە، بەتایبەتی وڵاتانی وەک سوریاو عێراق و کۆمەڵگەی بەشەری بەگشتی. بەهۆی کاری تیرۆری گروپە ئیسلامیەکانەوە بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهان نائارام بوە، لەبەشێکی زۆری وڵاتانی ئەوروپادا بەهۆی کاری تیرۆریستی ئەم گروپە ئیسلامیە ئینسان کوژانەوە چەندەها کەسی بێتاوان بوون بەقوربانی. دەتوانین بڵێین ئەمانە هەموویان نیشانەی ئەوەن کە بۆرژوازی و دەوڵەتەکانی، نەک هەر فرسەتی ژیان و ئاسایشیان لە دانیشتوانی سەر گۆی زەوی سەندۆتەوە، بەڵکو ئایندەی مرۆڤایەتیشیان لەسەر لێواری کارەسات و تیاچوون ڕاگرتوە. ئەم جیهانەیان بۆ چینی کرێکاران و هەژاران کردوە بە دۆزەخ، لەسەر ڕەنج و کاری کرێکاران و هەژارانی ئەم جیهانە ژیانێکی شاهانەیان بۆ خۆیان دروست کردوە.

لە ئێستادا کە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید ١٩ لەسەرتاسەری جیهاندا بڵاو بوەتەوە و بووە بەخەتەرێکی گەورە بەسەر کۆمەڵگەی بەشەریەوە و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵی لەلایەن دەوڵەتانی سەرمایەداریەوە، زۆر لە جاران زیاتر ناوەڕۆکی دژە ئینسانی و بۆگەنی ئەم سیستەمەمان بۆ دەردەکەوێت. ئەوەتا لەگەڵ ئەو خەتەرەگەورەی کەهەیە ڕۆژانە خۆیان داوای ئەوە دەکەن کە دەبێت لەماڵەکانتانا بمێننەوەو نەچنە دەرەوە، بەڵام هەمو کرێکاران وەک جاران لەکارگە گەورەکاندا کاردەکەن و تائێستا سەرمایەدارن دەرگای هیچ کارگەیەکیان دانەخستوە بەهۆکاری ئەم ڤایرۆسەوە، بۆیە دووبارە ئەم سیستەمە ئەو ڕاستیەی سەلماند کە بەتەنگ سەلامەتی و ژیانی ئێمەی کرێکاران و هەژارانەوە نییە.

ئەم بارودۆخە خراپانە لە ئاسمانەوە نەباریوە بۆ هەژاران، بەڵکو سەرچاوەکەی نیزامی سەرمایەدارییە. لەپێناو کەڵەکە بونی سەرمایەکانیان ئەم هەمو کارەساتە بەسەر ئینساندا دێنن. بە چاوی خۆمان دەبینین ئەوانەی کە ڕەنج دەکێشن و بەرهەم دەهێنن خاوەنی هیچ نین، بەڵام کۆمەڵێک گەندەڵخۆری تەمەڵ، خاوەنی هەموو شتێکن. دەوڵەت و حکومەتیشیان دروست کردوە تا سەروماڵیان بپارێزن.

بۆ ڕاست کردنەوەی ئەم دونیا پێچەوانەیە، تەنها ڕێگایەک کە لەبەردەم کرێکارندا هەیە بۆ ڕزگاربونیان لەو هەمو موسیبەتە کە نیزامی سەرمایەداری بۆی هێناون، خەباتی شۆرشگێرانەی کرێکارانە بۆ سەرەو ژورکردنی ئەم سیستەمە زاڵمە. هەروەها ڕێکخستنی ریزەکانیانە و دروستکردنی ڕێکخراوە کرێکاریەکانە و کۆبونەوەیانە لەدەوری یەکترو پەیوەست بونیانە بە حزبە کۆمۆنیستەکانەوە. بەبێ بوونی حزبێکی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ کە لەپێناو بەرژەوەندی چینی کرێکاردا هاتبێتە مەیدان ناتوانێت هیچ ئاڵوگورێک پێکبێنێت. بەمانە کرێکاران دەتوانن ئەم دونیا پێچەوانەیە ڕاستبکەنەوەو لەشوێنیدا دونیایەکی یەکسان و خۆشگوزەران بۆ تەواوی کومەڵگای بەشەری بەدەست بێنن. بەبێ ئەمە ناتوانرێت ئەم نیزامە زاڵمە کە بە ملیۆنەها سەربازو پۆلیسیان دروست کردوە بۆ پاراستنیان لەناو ببرێت.

**بەرزو بەڕێزبێت یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار!**

**مستەفا باهر**

**٢٦ نیسانی ٢٠٢١**

# چەند شیعریکی: خالید بایەزیدی (دلیر)

دایکم کە مرد!

بیرەوەریەکانی منی

لەگەل خۆی برد

وەبیرەوەریەکانی خۆشی

بە ئەمانت بە من ئەسپارد؟!

.........................................

.....

ئاە!...

کوترێکی پەڕوباڵ شکاو

هەموو شەو

لەقەفەسەکەی دا

خەونی هەڵفرینی دەدیت

.........................................

...........

دوێنی!

من ودونیا...

لە قەرەبالغیکی شەقام دا

روبەروی یەک بووین

»هەردووک

بیزارلەیەک«

روومان لە یەک وەرگیرا؟!

.........................................

.....

شاعیریک!

بۆ پاشایەک

شیعریکی نووسی

پاش سەدان سال

شاعیر دیتی:

شیعرەکەی

لەسەرکورسی هەژاریک

سەر بلند دانیشتووە

.........................................

...

دوینی شە و

کلیلیکی ونبوو

لە مالەکەی دەگەرا

لە کولان وشەقامەکانی شاردا

بینی:

قوفلی مالەکەیان  شکاندووە

وە خاوەنەکەشیان کوشتووە؟!


.........................................

...

پرسیار؟

لەشەوم پرسی:

بوهەموو شەوێک رەش پۆشیت؟



وتی:

ئاخرهەموو

شەوێک

ئەبینم:

ئەستیرەیەک...

ئەستیرەیەک دەکوژی؟!

.........................................

.....

نازانم:

بۆ رەش پیستەکان دەکوژن؟

بە گومانم!

تارماییان موژدەی کازیوەی

بەیانیان پییە؟

.........................................

..............

پیشکەش بە شەهیدانی قەڵەم

توبلێیت:

ولاتەکەم داگیرکرابیت

هەرنامەیەک

کە بوی دەنووسم

بو خوم دەگەریتەوە

.........................................

.....

زۆر دەمرین

کەم دەژین

هەر بویە

پەپوولە ی تەمەن

لە گورستان دەخولێتەوە

.........................................

.....

بەهار

لە نیگای کچیکی

فەرش چن

دەپشکووت

.........................................

.

دوینی شەو

دارستان


هیچ خەوی لێ نەکەوت

کە نەبادا!

ئەو تاکە درەختە

کەوتبیتە بەر

ماچەکانی شەلاقی تەور



گۆشەی ئەدەب و هونەر

**گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...**

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا

# میرزا دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی!!

## نووسینی: جەمال نوری

دەکرێت مرۆڤ لەدەرەوەی نیشتمان بژی، بەڵام هەرگیز ناکرێت نیشتمان لەناو مرۆڤ دەربکرێت.

" ئێریش کێستنەر."

مرۆڤ چەندێک ئەزموونی دنیا بکات و بەوپەڕی کراوەییەوە بچێتە نێو جیهانەوە، هێشتا ناتوانێت دەستبەرداری ئەو ئەندێشەیە بێت کە بێپچڕان لەناو رۆحیدا دەبزوێت، ئەندێشەی گەڕانەوە بۆ دەستپێکی دەرچوونی ئەو بۆ ناو جیهان، یان دروستتر بڵێم ئەوەی ئەو لەکوێوە هاتە دنیاوە و چۆن بتوانێت بۆی بگەڕێتەوە.

میرزا لەم دەقە نوێیەدا ڕاشکاوانە پەنجەی خستۆتە سەر ئەم مەسەلە بونیەویە و بەزمانی شیعر موخاتەبەی رۆحی خۆی پێ دەکات، حەکیم میرزا وەک هەموو شاعیرانی تر، لەم دەقەدا  ئۆقرەی لەبەربڕاوە بۆ نیشتمان و شارەکەی، دەیەوێ بەر لەمەرگ بیبینێتەوە. ئەم حاڵەتە سایکۆلۆجیەی شاعیر، لەژیانی غوربەت و تاراوگە بڕسکی لێبڕیوە و ئولفەت بە بۆنی دایکیەوە دەکات، دەیەوێ جارێکی تر بانگی بکات دەمەو بەیانیان و هەڵیبسێنێ لەخەو، بۆنانی بەیانی، شاعیر گەرچی لە وڵاتێکی

ئەنسکەندەفیا ی لێوان لێو لە یاسا مرۆییەکان و دەستەبەرکراوی مافە مەدەنیەکاندا دەژی، بەڵام هەمیشە بیرو ئەندێشەی لای سلێمانی و سەرپۆشەکەی دایکێتی، وەک چۆن شێرکۆ بێکەسی شاعیر  لەگۆڕستانی چراکاندا هەرشتێک دەبینێ لە مارکێت و مۆڵەکانی ستوکهۆلمدا چەند جوانبێ کاتێک دەست دەداتە سەرپۆشێکی ئاوریشمی، بەڵام  شێرکۆ لێی دەبێتەوە بەسەرپۆشە کۆنەکەی ئەوسای  دایکی، یان جوانترین کڵاو دەیەوێ بکڕێت کاتێک لێی وردەبێتەوە دەبێتەوە بە سدارەکەی ئەوسای باوکی، میرزای شاعیریش بەهەمان شێوە چێژێک کە بیەوێ لێی وەربگرێ تەنها و تەنها پیاسەیەکی ئێوارانی شاری سلێمانی و کوڵانە کۆنەکانی حاجی حان و بۆنکردنی تێر تێری بیرەوەریەکانی لەگەڵ ئازیزانی و بەتایبەت دایکی ئێنرجی پێدەبەخشێتەوە.، واتە، مرۆڤ لەهەر شوێنێک هاتە دنیاوە لەدواجاردا هەربۆ ئەو جێگایە دەیەوێ بگەڕێتەوە.

ئۆدیسە دوای ئەو گەشتە وێڵئاراییەی بە دەریادا بۆ دەرەوەی گریک کردی دواتر هەر دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی دەستپێک، بۆ ماڵەوە. پلاتۆن لەدەرەوەی ئەسیناوە لەسەردەمی شەڕ و قاتوقڕییدا گەڕایەوە بۆ ئەسینا و ئەکادیمیاکەی دامەزراند، کە ئەو ئەکادیمیایە لەوکاتەوە بووەتە دەستپێکی لەدایکبوونی هەموو ئەکادیمیاکانی جیهان.

مەولانای نەقشبەندی دوای ئەو گەشتە ڕۆحی و عیرفانییەی بەرەو خۆرهەڵات کردی دواجار بە مەشقێکی ڕۆحانی نویوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە بۆ نیشتیمان، ئەگەرچی ماڵەوە هێندە خراپەیان لەگەڵدا کرد کە ناچاربوو ئەمجارەیان خۆنەویستانە لێیهەڵبێت. نالیش چەندیک دوورتر دەکەوتەوە لە نیشیمان پتر پرسیاری ئەوەی لە سالم دەکرد، ئاخۆ کەی بێت بگەڕێتەوە. پیرەمێرد دوای خۆپێگەیاندنی ئەکادیمیاییانەی خۆی لە تورکیاوە دەگەڕێتەوە شار و ڕوناکی و فەرهەنگی بۆ دەهێنێتەوە. ئەم گەڕانەوەیە بۆچی؟ زۆر بەسادەیی دەکرێت بڵێین مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری ئەو شوێنە بێت کە یادەوەرییەکانی ڕابوردووی تیایە. شوێنک کە من دەناسێت و منیش ئەو دەناسم، خەڵکەکانی دەناسم و ئەوانیش من دەناسن. کۆڵانەکانی، شەقامەکانی خوێندنگاکانی و فەرمانگەکانی و چایخانەکانی و کتێبخانەکانی و باخچەکانی و بازاڕەکانی، بریتین لەو شوێنانەی بوونەتە پارچەی نەمری ناو دەروونی مرۆڤ. ڕەنگە مرۆڤ لەبەر گوشاری سیاسی و ئابووری ناچار بێت نیشتیمان بەجێبهێڵێت، بەڵام ناتوانێت خەون بەگەڕانەوەیەوە نەبینێت. ڕەنگە مرۆڤ لە قێزهاتنەوەی لە کولتوری کۆمەڵگاکەی نیشتیمان بەجێ بهێڵێت، بەڵام گەر قێزی لە نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیش بێتەوە ناتوانێت قێزی لە خاک و باخەکان و سروشت و ئاسمانی نیشتیمان بێتەوە. لەبەرئەوەی نیشتیمان بریتییە لەو ئەلبومەی کە هەموو وێنەکانمانی تێدا دەپارێزرێ ئەم وێنانە کەرەسەیەکی ڕۆحین بۆ بەستنەوەی بە سلێمانیەوە  بۆیە لە هەموو تەماشاکردنێکی ئەو ئەلبومە ئێمە جۆرێک لەگەڕانەوە بۆ کاتێکی بەسەرچوو ناکەین، چونکە ئەو ڕۆژگارە هیچ شوێنەوارێک و هیچ ئاماژەیەکی نەماوە، بەڵکو پتر گەڕانەوە بۆ شوێنەکە دەکەین.

بێهۆنییە، شاعیر دەخوازێ بەر لەمەرگ سلێمانی ببینێتەوە، شاعیر وەک ئاوارەیەک بەردەوام

بۆ لاپەڕە 13

# پارادۆکس لەدوالیزمی دەقی شیعریدا ..

## بەنموونە / لای محمد عزیزو ژەنەڕاڵی پاییز دا



نووسینی: جەمال نوری

دەقێکی زیندوو، شاعیر موخاتەبەی خۆی دەکات لەڕێگای ئەوی دییەوە، تێکڕای پەیوەندیەکان و هەستەباڵاکانی بۆ ئەو زەمەن و شوێنەی تیایدا ڕاگوزەر بووە دەیخاتە ژێر پرسیارەوە، هەڵبەتە هۆکار گەلێک بۆ دروستبوونی ئەو دۆخە نەخوازراوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوی بەرامبەری کە نەیتوانیوە یان نەیویستوە لەئاست ئەو هەستە باڵایەی شاعیردا بوبێ... گەر بەوردی سەرنج لەدەقە شیعرەکەی حەمە عزیز بدەین هەست دەکەین، ئەوی دی وەها لە شاعیر دەکات کە هەست و سۆزی بۆی هەبێ، بەئەندازەی خۆش ویستنی، بەڵام دواجار تێدەگات کە ئەوی دی کەسایەتیەکی سایکۆیی هەیە، لەسەرەتادا وردە وردە سەرنجی ڕادەکێشێ تادەگاتە ئاستی خۆشەویستنی وەک لێرەدا بەجوانی تەوزیفی کردوە .

له پێش چاوی منا هێندەی چیا سەربەرز و باڵا بویت
وەکو دەروازە بۆ هۆردوی حەزم سەرپشک و واڵا بویت

یەکەم پرشنگ کە خۆری تۆ ڕژایە سەر کەلی هەستم
بەرەو ئاسۆی ژیانی من لەگەڵ کازیوە ئاڵا بویت

بەڵێ وا تێکەڵاوم بویت لە تۆماری ژیانمدا
بە ئەندازەی تەمەن تێکڕا لەپاڵ خەون و خەیاڵا بویت

بەڵام دواجار تۆڵەی لێدەکاتەوە، ئەو حاڵەتە نەگەتیڤەی مەعشوق، کاریگەری لەسەر نوسەری دەق بەجێ هێشتوە تاوەکو ئیحساسی دوای ئەو گۆڕانکاریانەی لەهزر و قەناعەتیدا دروست دەبێ بە شیعر تەوزیفی بکات و سەرزەنشتی بکات. شاعیر لەکاتێکدا خاوەن خەونی خۆیەتی و پەرۆشی ئەوەیە کە لەساتێکدا بێت و خەونە سەوزەکەی بەربگرێ، بەڵام کاتێک دێت ئەو خەونە سەوزەی شاعیر پەرۆشی بووە لەگەروویدا دەتاسێ بە هۆی ئەوەوە. واتە ئەو ناهێڵێ خەونەکەی چرۆبکات، بەهاتنی هەمووی خاپورو نوگرۆ دەکات، کەواتە بە خاپورکردنی ئەو تەلارو بێستانە سەوزەی کەبۆی ڕازاندۆتەوە یەکسەر خاپوری دەکات، دیارە بونیادی ئەو کەسایەتیە کەسایەتیەکی سایکۆپاتی هەیە، چێژ لە هیچ وەرناگرێ و بەشداری هیچ شتێک ناکات، جگەلە تێکدان و کاولکردن و لەناو بردن نەبێ.

کەچی ئەو خەونە سەوزەی من پەرۆشی بوم لە تاسەمدا
هەموت خاپور و نوگرۆ کرد لە هاوتای وشکە ساڵا بویت..

بەپێچەوانەی محمد عزیزی شاعیر، ژەنەڕاڵی پایز (محمد عومەر عوسمان)، کاتێک لەگەڵ ئەوی دی هەنگاو هەڵدەهێنێ، بەم جۆرە تەوزیفی حاڵەتە ڕۆحیەکانی خۆی پێ دەکات، وەک داینەمۆیەک بزۆێنەری هۆش و هەست و سۆزی دەبێت کە تێکڕای ڕوانینی بۆ جوان دەکات وەک لێرەدا دەڵێ ;-

لەگەڵ ئەودا بووم بەفر پشکۆ بوو
کە گەڵا نەبوو بەڕووی دارەوە
من گوڵزارێکم دەهاتە بەرچاو
بەچڵی ڕووتی بەفرانبارەوە

سەرنج بدەن لەنێوانی محمد عزیز و ژەنەڕاڵی پایز پارادۆکسێک دەبینێرێ. لای حەمە عزیز هەرچی خەونی سەوزی هەیە، بە خولیای ئەوەبووە کە لەتاسەیدا بەر بگرێ و چرۆ بکات، وەلێ بە پێچەوانەوە ئەوی بەرامبەری هەر نایبیستێ، چون کەسایەتیەکی سایکۆپات، ئەوجورە کەسایەتیانە بەشداری هیچ دایەلۆگێک ناکەن و تابۆیان بکرێ دواجار هەموو شتەکان هەپرون بە هەپرۆن دەکەن، هەموو خەون و خولیاو دنیای سەوزی جوانی شاعیر هەبووە بەهۆی ئەوە پاکی وێران و ڕماندوە، وەک بێستانێکی وشک ۆ برینگی لێ بێت وەک وشکە ساڵی کە بەسەر ڕەزو باخ و بێستاندا دێت.

هەرچی لای ژەنەڕاڵی پایزیشە تەواو پێچەوانە دەبێتەوە، ژەنەڕاڵ دەڵێ کاتێک لەگەڵ ئەودایە بەفر بەو ساردیەوە دەبێتە بڵێسەو ناخی قوڵپ ئەدا، هەربۆیە کاتێک دەبینێ وەرزی بەهارەو گەڵا نابینێ بەڕووی درەختەکانەوە، بەڵام مادام لەگەڵ ئەودایە وەک گوڵستانێک ببینێ و درەختەکانیش گوڵی ڕەنگاو ڕەنگیان گرتبێ ئاوها دەیبینێ لەنێوان ئەم پارادۆکسە لەدوالیزمی دەق دەگەینە سەر ئەو بڕوایەی هەریەک لەو دوو شاعیرە بەڕێگای دنیابینی و ڕوئیای بۆ ئەو حاڵەتە ڕۆحی و ویژدانیەی بەزمانی شیعر وەسفی حاڵەتەکانیان کردوە کە دواجار لەناو دەقی شیعری هاوچەرخ دا جێگایان ببێتەوە .

### منی سادە و تۆی جادوگەر

* حەمە عەزیز *

له پێش چاوی منا هێندەی چیا سەربەرز و باڵا بویت
وەکو دەروازە بۆ هۆردوی حەزم سەرپشک و واڵا بویت

یەکەم پرشنگ کە خۆری تۆ ڕژایە سەر کەلی هەستم
بەرەو ئاسۆی ژیانی من لەگەڵ کازیوە ئاڵا بویت

بەڵێ وا تێکەڵاوم بویت لە تۆماری ژیانمدا
بە ئەندازەی تەمەن تێکڕا لەپاڵ خەون و خەیاڵا بویت

سروشتی ئاشنایی تۆ هەوێنێکی بە من بەخشی
بەقەد بونت لە خۆشیمدا لەتەک یادگاری تاڵا بویت

ژیانی من ئیتر ئەوساتە شوێنکەوتوی مەرامێک بوو
لەناخدا چیم دەویست بۆخۆم وەکو هێز تۆم لە پاڵا بویت

کەچی ئەو خەونە سەوزەی من پەرۆشی بوم لە تاسەمدا
هەموت خاپور و نوگرۆ کرد لە هاوتای وشکە ساڵا
بویت

بەوەی کاتێک بەهۆش هاتم ئیتر بێ پەردە دەرکەوتیت
کە بۆ مەرگم لە دانانی پلانی گۆڕ و چاڵا بویت

وەکو جادو چی زەبرێک بویت لەپڕ هاتیتە نێو ژینم
لە نێچیر کردنی مندا لە ئاستی باز و داڵا بویت

شکستم خوارد لە ئەزمونی گەمەی تۆدا کە نەمزانی
یەکەم دیدار لە توێی ساختە و درۆی چاوبەست و قاڵا
بویت

بژاردەم بویت، بەڵام ئێستا بە خۆمدا هەڵدەشاخێم و
دەڵێم گەمژە لە بڕیاردا لە هەستی خام و کاڵا بویت

ڕەوایە باجی چەوتێتیم بدەم ، بانگکەن بڵێن ئەی خام
لە پاکی و سادەیی هۆشدا لە هەڵوێستی مناڵا بویت

## هونراوەی: حەمید موسەددیق

## وەرگێر: خالید بایەزیدی/دلێر



تۆ بە من پێکەنی و
نەت ئەزانی:
من بە چ مەترسییەک
لە باخچەی دراوسێکەمان
سێوم دزی
باغەوان بە هەڵاتن بەدوام کەوت
سێوەکەی لەدەستمدا دیت
بە قەڵسەوە چاوی لێکردم
سێوی قەپ لێدراو
لە دەستم کەوتە عەرزی
تۆ ڕویشتی و ئێستاش...
ساڵەهایە کە لە گوێچکەی من ئارام ئارام
خشەخشی هەنگاوی تۆ تیکرار تیکرار
ئازارم ئەدا
من دەستەو ئەژنو دانیشتووم
غەرقی ئەو فیکرەم
کە بۆچی؟
ماڵە بچکولەکەی ئێمە سێوی نەبوو؟!





# هاوڕەگەزخوازی چییە و بۆچی هەندێك كەس هاوڕەگەزخوازن؟

## هۆمۆفۆبیا لە کوێوە سەرچاوە ئەگرێت و پەیوەندی بە ئایدۆلۆژیای پیاوسالاری و فاشیزمەوە چییە؟

نووسینی: ماریا كارگەر

**بەشی دووەم و كۆتایی**

له هۆکارەکانی هۆمۆفۆب بوونی وڵاتانی ئیسلامی و ئەو بیرۆکانەی کە زۆر لە زانایان و مێژوونووسان هەیانە، بە ئاشکەرایی رۆڵی ئایدۆلۆژیای پیاوسالاری پشت گوێ ئەخرێت و وەک بڵێی کە پیاوسالاری هەر بوونی نییە. بۆیە ئێستا ئەچمە سەر بابەتی هۆمۆفۆبی و پەیوەندی قۆڵی لەگەڵ پیاوسالاری و یادۆلۆژی خێزانی کلاسیک کە پێکهاتووە لە پیاو و ژن و منال. ئەو خانەوادەیەی کە گەرەنتی نەتەوە و پیاوسالارییە، وە ئەم سیستەمە وا پێکهاتووە کە باوک تێدا سالار و قسەی یەکەم ئەکات وە ژن تیایدا کەرەستەیەکە بۆ خزمەتگوزاری ناو ماڵ، سێکس و وەچەخستنەوە و بەخێوکردنیان. وە هەر کەسێک یان گروپێک یان ئایدۆلۆژیایەک کە رەخنەی لەم سیستەمە کلاسیکە هیترۆ پیاوسالارییە بگرێت و هەڕەشەی لە ناوبردنی بکات، مەحکومە بە سزادان و راوەدونان و لە ناوچون. رقی پیاوسالاری هیتۆنۆرم لە هاورەگەزخوازان هەر ئەوەندە بەهێزە کە پیاوسالاری لە کۆمۆنیستەکانە، کە سیستەمی خێزانی کلاسیک رەت ئەکەنەوە و بۆ هەڵوەشاندنەوەی تێ ئەکۆشن.

لە خێزانی هیتۆ پیاوسالار کە پشتیوانی بە هێزی دین و سیاسەتی هەیە، نەزمی پیاوسالاری هەیە، ڕۆڵەکان دابەشکراون هەر کەس ئەزانێت جێگە و رێگەی کوێیە و چۆن ئەبێت هەڵسوکەوت بکات. کە قسەی ئەوەڵ و ئاخر ئەکات. لەو خێزانە تەنانەت رۆڵی جێنسیش دیاریکراون. لەوە کەسێک هەیە کە ئەکات و کەسێک هەیە کە ئەدات. ئەوەی ئەکات پیاوەکەیە، ئەوەی ئەکات دەسەڵاتی هەیە، هەژمۆنی هەیە و رێزی هەیە. بەڵام ئەوەی ئەدات ژنەکەیە کە کۆیلە و خزمەتگوزارە. ئەوەی ئەدات بچوکە، لاواز و بێرێزە. لە بنەماڵەی هیترۆپیاوسالار، پیاو سەرچاوەی یەکەمی نانە. ئەو کار ئەکات و نان دەرئەهێنێت سەرپەنا ئامادە ئەکات و ژن لە ماڵەوە ئەبێت کاروباری ناوماڵ و منال بەرێوە ببات. کاری دەرەوە گرنگە و کاری ماڵەوە بێنرخە. بۆیە ئەوەی کاری دەرەوە ئەکات دەسەڵاتدارە.

**نازانم زەواج و دروستکردنی خانەوادە چ گوڵێکی لە قژی مرۆڤایەتی داوە. خێزان دواکەوتووترین و گەندەڵترین ئۆرگانی پیاوسالارییە کە نزیکی نۆ سەد ساڵە، ناوەندی نابەرابەری رەگەزییە لە کۆمەڵگەکان ...**

پیاوسالاری بە درێژایی هەزاران ساڵ ئەم سیستەمە خێزانییەی بۆ نەزمی کۆمەڵایەتی خۆی دروست کردووە و پاراستوویەتی، هەر کەس و هەر مۆدێلێکیتر کە ئەم رێکخستن و نەزمە پیاوسالاریە بخاتە مەترسیەوە، پیاوسالاری دژایەتی ئەکات. وەک هاورەگەزخوازان هەڕەشەن بۆسەر ئەم نەزمە دارزیوە نائینسانیە. هەروەها لە ئایدۆلۆژیای پیاوسالاری جەستەی پیاو و پیاوەتی پیرۆزە و هێرۆیزە کراوە. بەتایبەت لە مومارسەی جنسیدا. پیاو ناکرێت لە جەستەی پیاودا پەسیف بێت وەک چۆن ژن لە مومارسەی سێکسیدا پەسیفە ئەدات و ناکات. پیاو لە جەستەی پیاوانەدا ئەبێت بکەر بێت ئەبێت بکات. هەر لەسەر ئەم بنەمایەشە لە کۆمەڵگەکانی هەم رۆژهەڵات و هەم رۆژئاوا هاورەگەزخوازی ژنان ئەوەنە نامۆ نییە و ئەوەندە دژایەتی ناکرێت. چون لە روانگەی مومارسەی جنسی پیاوسالاری و وێنەکانی، ژن لەهەر حالدا ئەدا و پەسیڤە و لەهەر حاڵدا جەستەی وەک پێناسەی رەگەزی گرنگ نییە. بەڵام بۆ پیاو تابویە کە لە جەستەی پیاوانەدا لە ژێرەوە بێت و بیکەن. بۆیە هەر لە کۆمەڵگەی خۆشماندا زۆرجار ئەبیستین پیاوان و کوڕان مومارسەی سێکسیان هەیە، بەڵام ئەوەی کە ئەیکات شەرم ناکات و ئەڵێن کردم. بەڵام ئەوپیاوەی کە لە ژێرەوەیە و ئەکرێت ئەو سەرشۆڕە و عەیبەیە، چون ئەچێتە رۆڵ و پۆزیسیۆنی ژنەوە. جەستەی پیاوانە ئەبێت رۆڵی پیاوانە و هەڵسوکەوتی پیاوان و جلی پیاوانە و هەیبەتی پیاوانەی بێت. ئەمە رێگای پاراستنی پیاویەتی کە سەر بە سەر ژنیەتیدا. بۆیە قەبوڵنەکراوە کە پیاو جلی ژنانە لەبەر بکات و خۆی وەک ژن برازێنیتەوە وە هەڵسوکەوتی سێکسی وەک ژن بێت. پیاوانی هیترۆ کە بە کەلتووری پیاوسالاری گەورە بوون و پەروەردە کراون، پیاوانیتر کە هەڵسوکەوتی ژنان ئەکەن وەک پیاوانی هاورەگەزخواز ترانس جێندەرەکان، وەک هەڕەشە و بێرێزی و هێرش بۆ سەر پیاویەتی خویان، کە پیاویەتیەکی ژهراویە، ئەزانن.

ئەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە هەموو ئایدۆلۆژیەکی فاشیست هۆمۆفۆبن. لە رژێم و حکومەتە فاشیستەکان لە هەموو جیهاندا، هاورگەزخوازان و راوەدوونراون، زیندانی کراون، لە سێدارە دراون و مافەکانیان زەوت کراوە. بۆ نمونە لە کاتی دەسەڵاتی نازیەکان لە ئەڵمانیا (١٩٤٥|١٩٣٣) بە سەدان هەزار هاورەگەزخواز لە ئۆردوگاکانی کاری زۆرەملێ کوژراون. وە ئەورۆش سەیر بکەین لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە ئایدۆلۆژی فاشیزمی نەتەوەیی یان دینی حاکمە، هاورەگەزخوازی شەیتانی کراوە و لە ئەگەری ئاشکراکردنی خۆیان ژیانیان ئەکەوێتە مەترسی. وەک رژێمی فاشیستی ئیسلامی ئێران.

رژێمە فاشیستەکان ڕقیان لە هاوڕەگەزخوازانە چونکە فاشیستەکان بە هیچ شێوازێک رێگە بەو فکر و کەس و گروپانە نادات کە هەبوونی خانەوادە لە پێناسە کلاسیکەکەیا، بخاتە مەترسیەوە. ئەو خانەوادەی کە پیاو تێیدا سەرۆک و رێبەرو دەسەڵاتە و ژن تێدا کۆیلە و خزمەتگوزاری پیاوە و وەچە خستنەوەیە. ئایدۆلۆژی فاشیزم چ نەتەوەیی چ دینی، پاسەوانێکی سەرسەختی نەزمی پیاوسالارین. فاشیستەکان پێیان وایە ئەوان باشترین وباڵاترینن و ئەوان راستن و هەمووی ئەوانەی وەک ئەوان نین ئەبێت لەناو بچن. بۆ لە ناوبردنی هەموو ئەوانەش کە وەک ئەوان نین وە یا دژی ئەوانن، شەڕ ئەکەن. شەڕی کۆڵان بە کوڵان، شەڕ فرۆشتن بە وڵاتان و کیشوەرەکانیتر. شەڕ و داگیرکاری و خوێنڕشتن تەنیا کەرەستەیەکە کە فاشیستەکان بۆسەرکوتکردنی نەیارەکانیان ئەیناسن. شەڕ بۆ ئەوان لە نانی شەو پێویسترە، بۆیە بە هەمان ئەندازە سەرباز بۆیان گرنگە. سەرباز ئەبێت هەبێت بۆ ئەوەی شەڕێک بکرێت. بۆیە رێکخراوی خێزان لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژی و نەزمە پیاوسالاری ئەبێت وەک خۆی بمێنێتەوە، هەتا سەربازەکانیش بوونیان هەبێت.

**ئایدۆلۆژی فاشیزم چ نەتەوەیی چ دینی، پاسەوانێکی سەرسەختی نەزمی پیاوسالارین. فاشیستەکان پێیان وایە ئەوان باشترین وباڵاترینن و ئەوان راستن و هەمووی ئەوانەی وەک ئەوان نین ئەبێت لەناو بچن...**

فاشیستەکان، ڕقیان لە هاوڕەگەخوازانە لەبەرئەوەی هاوڕەگەزخوازی وەک هەڕەشەیەک بۆسەر خێزان ئەزانن. وە پێیان وایە ئەگەر زۆر هاورەگەزخوازی رێگە پێدراو بێت ئەوکات ئەوان بە یەکەوە ئەژین پیاو لەگەڵ پیاو و ژن لەگەڵ ژن و لەو کاتەدا منال دروست نابێت و ئەمە ئەبێتە هۆی لە ناوچونی رەگەزەکەیان و لاواز بوونی نەتەوەکەیان. ئەوان بەهەمان ئەندازە رقیان لە پەنابەرانیشە کە لەگەڵ ژن و پیاوانی هاونەتەوەکەیان هاوسەرگیری بکەن و ئەمە بە تێکچون و پیس بوونی خوێنی پاکی رەگەزەکەیان ئەزانن. وە هەروەها فاشیستەکان زۆرتر رقیان لە کۆمۆنیستەکانە، چون کۆمۆنیستەکانیش تێئەکۆشن بۆ لە ناوبردنی پیاوسالاری و هەڵوەشاندنەوەی خێزان لە چوارچێوە هیترۆپیاوسالارەکەیدا و لەناوبردنی نەتەوەگەری و سنووری دەوڵەت نەتەوەکان

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

هەروەها کۆمۆنیستەکان لایەنگری ئازادی و مافی هاورەگەزخوازان و پەنابەرانیشن.

گەرایش یان خواستەی سێکسی شتێکی تەواو تاکەکەسیە و پەیوەندی بە کەسەوە نییە؟

زۆرکەس هەن کە لە نیەت چاکی خۆیاندا وەک ئارگۆمێنت بۆ ئەوەی بە کۆمەڵگەی هیترۆسەنتەر بڵێن، دەست لە کۆڵی هاورەگەزخوازان بکەن و بهێڵن با بۆ خۆیان بژین، ئەوەیە کە بابەتی سێکس و خواستە سێکسیەکان شتێکی تەواو تایبەتن و بۆ کەس نییە تەداخولی بکات. بۆ کەس نییە سەر بکێشێتە نێو جێگەی خەوی من و ژووی خەوی من و بزانێت من چۆن و

**بەملیۆنان ژن و ئەندامانی کوویر، هاورەگەزخوازان بە تایبەت ترانس جێندەرەکان، لەبەر نەبوونی ئابووری سەربەخۆ و هەژاری لەسەر ئەم گوی زەویە، ناچارن لە پەیوەندیەکی خۆشەویستی یان زەواجی ناتەندروستا بمێننەوە، چون تەنیا هیچ داهاتێکیان نییە وە لەو پەیوەندیانەدا سێکسیش هەیە کە زۆرترینیان دەستدرێژین...**

لەگەڵ کێ ئەخەوم. راستە منیش ئەڵێم ژووری نووستن و شێوازی خۆشەویستی دەربرین و بۆ کێ دەربڕینی تەواو تایبەتین. بەڵام ئەمە لەکاتێکدا کە ئێمە هەموومان لە کۆمەڵگەیەکی یەکساندا بژین و لە کۆمەڵگەدا هیچ ئاسەوارێک لە پەیوەندی و پێکهاتەی چینایەتی و رەگەزی نەمێنێت. کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان هیچ گرێدانێکی ئابووری کەسێک بە کەسێکیتر تێدا نەمێنێت. ئەم قسە کە سێکس شتێکی ئاساییە، لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری پیاوسالاری یان بە سادەلەوحیە یان فێڵبازی لیبیراڵیە. پەندێکی پێشینانی ئەمریکای لاتین هەیە کە ئەڵێن:" هەموو شت لە دونیادا بە دەوری سێکسدا ئەخولێتەوە و سێکس بەدەور هێزدا". کەواتە هەتا ئەو رۆژەی بچوکترین ئاسەواری پیاوسالاری لە کۆمەڵگەدا هەبێت سێکس شتێکی پرایڤێت واتە تایبەتی نییە، بەڵکو بابەتێکە کە راستەخۆ پەیوەندی بە دابەشکردنی رۆڵ، کار، موچە، ماف، رێز، ئازادی، پەروەردە و دەرفەتەکانی پێشکەوتن بەشێوەیەکی نایەکسان لە نێوان رەگەزەکاندا هەیە، لە بەرژەوەندی پیاوانە هیترۆ.

بەملیۆنان ژن و ئەندامانی کوویر، هاورەگەزخوازان بە تایبەت ترانس جێندەرەکان، لەبەر نەبوونی ئابووری سەربەخۆ و هەژاری لەسەر ئەم گوی زەویە، ناچارن لە پەیوەندیەکی خۆشەویستی یان زەواجی ناتەندروستا بمێننەوە، چون تەنیا هیچ داهاتێکیان نییە وە لەو پەیوەندیانەدا سێکسیش هەیە کە زۆرترینیان دەستدرێژین. چون سێکس

وەک وتمان کاتێک ئازاد و تایبەت و چێژبەخشە کە خاڵی بکرێت لەهەر شێوازە پەیوەندی و گرێدانی ئابووری. دوای ژنان دەهەم قوربانیەکانی لەشفرۆشی هاورەگەزخوازانن بە تایبەت ترانسەکان. چون ئەوانیش وەک ژنانی هیترۆ و بگرە خراپتریش لەلایەن سیستمە سەرمایەداری پیاوسالاریەوە ئەچەوسێنرێنەوە و خاوەن دەرفەت و شانسی هاوبەش بۆ کار و موچەی بەرابەر نین لەگەڵ پیاوان. وە لەم چەوساندن و نابەرابەریە ئابووریە سەرمایەداری سودی خەیاڵی ئەکات. هۆمۆسێکسوالەکان وەک ژنان و پەنابەران هێزێکی هەرزانی کارە. سەرمایەداری لەرێگەی ئایدۆلۆژیای پیاوسالاریەوە ئەم بیزنێسە بۆ خۆی گەرەنتی ئەکات.

هاورەگەزخوازان بەتایبەت ترانسەکان، بەهۆی سەرکوت و جیاکاری رەگەزی، شانسی پەروەردەیەکی باشیان نییە. زوو واز لە خوێندن ئەهێنن چون لە قوتابخانەکانا توشی هەڕەشە و گاڵتە پێکردن و مۆبینگ ئەبنەوە. لە بەر ئەم هۆکارە زۆربەی هۆمۆسێکسوالەکان و

**فاشیستەکان زۆرتر رقیان لە کۆمۆنیستەکانە، چون کۆمۆنیستەکانیش تێئەکۆشن بۆ لە ناوبردنی پیاوسالاری و هەڵوەشاندنەوەی خێزان لە چوارچێوە هیترۆپیاوسالارەکەیدا و لەناوبردنی نەتەوەگەری و سنووری دەوڵەت نەتەوەکان هەروەها کۆمۆنیستەکان لایەنگری ئازادی و مافی هاورەگەزخوازان و پەنابەرانیشن.**

ترانسەکان خاوەن شەهادە نین و کەمترین شانسیان لە بازارەکانی کاردا هەیە و کەمترین شانسیان بۆ سەربەخۆیی ئابووی هەیە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش، بە زۆر پەنا ئەبەن بۆ ئەو برانشانەی کار کە بەشی ژنانە ناسراون و موچەیەکی یەکجار کەم و سەعات کارێکی زۆریان هەیە، وەک بەشی پاک و خاوێن کردنەوە. بەشەکانی تەندروستی وەک پەرەستار، لە خێوەتگەی بەساڵاچوان، حەزانە و دایەنگەکان و گاسترۆنۆمی و زۆرترینیان بە هەژاری ئەژین.

بۆیە ئەمە تەنیا خەونی پەمەییە کە ئێمە پێمان وابێت لە سیستەمی سەرمایەداری کە تەواو هیترۆپیاوسالارە، بەدیهاتنی ئازادی و یەکسانی بۆ مافەکانی ئێڵ جی بی تی ئیمکانی هەیە. مرۆڤەکانی ئەندامی ئێڵ جی بی تی هیچ چارێکیان نییە بێجگە لەوەی کە

ببنە هاوپەیمانی خەبات بۆ شۆڕش بۆ رزگاری رەگەزی و چینایەتی، لەگەڵ ژنان و چینی کرێکار و زەحمەتکێش.

هەڵبەت سیستمی سەرمایەداری تەواوی هەوڵی خۆی ئەدات بۆ ئەوەی ئێڵ جی بی تی نەبێتە بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی ڕادیکاڵ، خواستەکانی ئەوان تەنیا لە هەندێک داخوازی لیبیراڵ و دواکەوتوو لەچوارچێوەی ئەودا بهێڵێتەوە. وەک ئەو کەرنەڤاڵانەی کە ساڵانە بەڕێوەئەچن، وەک کەمپەینی زەواج بۆ هەمووان. نازانم زەواج و دروستکردنی خانەوادە چ گوڵێکی لە قژی مرۆڤایەتی داوە. خێزان دواکەوتووترین و گەندەڵترین ئۆرگانی پیاوسالاریە کە نزیکی نۆ سەد ساڵە، ناوەندی نابەرابەری رەگەزییە لە کۆمەڵگەکان. یانی ئەوان پێیان وایە کە دروستکردنی خێزان لەم سیستەمە گەندەڵەی سەرمایەداری پیاوسالاری چیان پێشکەش ئەکات.

بەداخەوە دروستکردنی خێزان و زەواجی هاورەگەزخوازان و ترانسەکان، هیچ بەرهەمێکی جوانی بۆیان نییە بێجگە لە گەڕانەوەیان بۆ ئەو رۆڵە کلاسیەکانەی کە زۆر نابەرابەر دابەش کراون. من هەم لە کوردستان و هەم لە ئەوروپا چەندین هاورێی هاورەگەزخوازم هەیە، کە پێکەوە لەگەڵ پارتنەرەکانیان ئەژین، پەیوەندیەکانیان تەواو لەسەر بنەمای پیاوسالاری بونیاد ئەنێن و خۆیان ئەخەنە قاڵبی ئەو رۆڵە پیاوسالارانەی کە ژن و پیاو لە بنەماڵە و لە نێو کۆمەڵگەدا هەیانە. لە نێو جوتە هاورەگەخوازەکاندا بە زۆری یەکیان رۆڵی ژن و یەکیان رۆڵی پیاو ئەگێڕێت لە واتای دەسەڵات و هێز.


لە هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپا و لە ئەمریکاش زەواجی هاورەگەزخوازان یاساییە و ئەوان هەندێک مافی سنووردایان هەیە بۆ نمونە هەموو ساڵێک چەندین فێستیڤاڵ و کەرنەڤاڵیان هەیە. ئەتوانن ئاشکراشی بکەن کە

هاورەگەزخوازن. واتە سزای سیاسی و دەوڵەتی نادرێن لەبەر ئەوەی کە هاورەگەزخوازن. بەڵام هەموو ئەمانە ئەو توندوتیژیانەی کە رۆژانە لەسەر شەقامەکان و لە قوتابخانە و لە شوێنی کار و لە بنەماڵە و هتد... بەرامبەر هاورەگەزخوازان کەم کردۆتەوە؟ بە دڵنیایەوە نا.

خەباتی چینایەتی و رەگەزی هاوبەشی ژنان و کرێکاران و ئێڵ جی بی تی

یەکەم هەنگاوی هاورەگەزوازان و ترانس جێندەرەکان بۆ رزگاربوونیان لەو بندەستی و چەوسانەوە بە ڕای من، ئەوەی کە چیدی خۆیان نەشارنەوە و ژێرزەمینی ژیان نەکەن. ئەوان ئەبێت شانازی بە خۆیان بکەن و بزانن کە کەسانێک تەواو سروشتی و جوانن و ئەو کۆمەڵگەیە کە هۆمۆفۆبە ناسروشتی و نەخۆشە. ئەوان ئەبێت بە ئاشکرا خاوەن کەسایەتی و حەزەکانیان دەرکەون و شەڕ بۆ بەدیهاتنی مافەکانیان بکەن. هاورەگەخوازان ئەبێت خۆیان رێک بخەن. بۆ خۆیان گروپ و رێکخراو و کۆمیونیتی بزوتنەوە دروست کەن هەم بۆ پەروەردەی فکری و هەم پەروەردەی فیزیکی (وەرزشی رەزمی) بۆ پاراستنی خۆیان لە توندوتیژی جەستەیی و سێکسی. ئەوان ئەبێت بزانن کە تەنیا بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان بۆ مافەکانیان ئەتوانن بگەن بە ژیانێکی شایستەی بێ ترس و خۆشاردنەوە و چەوسانەوە.

هاورەگەزخوازان ئەبێت بزانن هەتا ئەو کاتەی کە یەک بەرد لە پیاوسالاری لەسەر ئەم گۆی زەویە بێت و هەتا یەک تۆزقاڵ لە کۆمەڵگەی چینایەتی (سەرمایەداری) بوونی هەبێ ئەوان ئازاد و رزگار نابن. ئەوان ئەبێت بزانن کە چارەنووسیان لەگەڵ چارەنوسی ژنان و کرێکاران و زەحمەتکێشان گرێدارە بۆیە تەنیا دۆست و هاوپەیمانیان بۆ خەبات دژی ئەو زوڵم و نابەرابەری و داپڵۆسانەی سێ کوچکەی دین نەتەوە و سەرمایە بەرامبەریان ئەیکات، ژنان و کرێکارانن. بێ بەشداربوونیان لە خەباتی رزگاری رەگەزی و چینایەتی، ئەوان هیچ شانسێکیان بۆ بە دیهێنانی ژیانێکی شایستە و ئازاد وەک مرۆڤ نییە.



# موزەفەر عەبدوڵا: هەموو کەس دەزانێت ئەو ئۆپۆزیسیونە هەلپەرستە کۆنەپەرستە پشت بەستوە بە ئیسلامییەکان و بۆتە پاسەوانی بکوژی سەردەشت عوسمان...

**دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز موزەفەر عەبدوڵا هەڵسوڕاوی کۆمۆنیست سەبارەت بە دۆسیەی سەردەشت عوسمان.**

> **جەماوەر کاری خۆی لەگەڵ دەسەڵات یەکلا کردۆتەوەو و خواستی ڕوخان و بڕۆن بڕۆن لە ٢٠١١ بۆتە دروشمی زۆرایەتی خەڵک لە کوردستان...**

**بۆپێشەوە: ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد، هەر کاتێک کێشەیان لەگەڵ دەسەلات هەبێت، دۆسیەی تیرۆر بە گشتی، و ڕۆژنامەنوسان بە تایبەتی بە دەستەوە دەگرن، کاتێکش بەشیان لەکێکی شیرینی دەسەڵات پێدەدرێت، قوڕوقەپی لێدەکەن! چۆن دەڕوانە مامەڵەی ئەو هێزە ئۆپۆزیسیۆنە؟**

**موزەفەر عەبدوڵا:** بەر لە چوونە ناو وردەکاری وەڵامی پرسیارەکەوە؛ وا پێویست دەکات بپرسین کام دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان؟ تا بشزانین ئۆپۆزیسیونەکەی چۆنەو ڕاو بۆچوون و هەڵوێستی لەبارەوە بدەین...!! لە دوای وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی لە کرۆکی پرسیارەکەتانەوە هەڵمانهێنجا باشتر دەتوانین هەم دەسەڵات و هەم ئۆپۆزیسیونە قەومی و ئیسلامییەکەی هەڵسەنگێنین لەبارەی باوەڕو پابەندیان بە هەموو ماف و ئازادییەکانی جەماوەری کوردستانەوە، بە تایبەتی ئازادی سیاسی و ڕۆژنامەگەری و ڕۆڵی دەسەڵات و موعارەزە لەسەر ئەم پرسانە.

تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە بە پۆزیسیۆنەوە، یانی دەسەڵاتەوە، ئەوەی دەسەڵاتدارە لە سی ساڵی ڕابردوودا لە کوردستان لە ناوەڕۆکدا نە وەک حزبی سۆشیال دیموکراتەکان، نەوەک لیبرالەکانی ئەوروپاو هاوچەشنەکانیانە کە لە پرۆسەیەکی پڕ گۆڕنکاری و وەرچەخانی ئابوری و سیاسی و کەلتوری، پشت بەستو بە دامەزراوە سەرەکییەکانی وەک پەرلەمان و حکومەت و دادگای سەربەخۆ و هەڵبژێردراو دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست.

ڕونتر بڵێم نە بەناو پارتەکەی بارزانی لیبرالەکانی ئەو وڵاتانەیە، و نە یەکێتیەکەی تاڵەبانی سوشیال دیموکراتەکانە! وەک پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن. ئەمانە هەموویان لە داوێنی یەکتر کەوتونەتە خوارەوە بە موعارەزەکەشیانەوە. هەر بۆیە نە پەرلەمان و حکومەت و دادگاو دامەزراوەکانیشیان وەک ئەوانەو بەو پرۆسە پڕ گۆڕانکاری و وەرچەرخانانە تێپەڕ بوونە، بەڵکو ئەوانە هەتا ئێستاش دوای سی ساڵ لە داسەپاندنی دەسەڵاتیان بە زەبری هێزی چەکداری سەرکوتگەری بنەماڵەیی و خێڵەکی قەومی و پشت بەستو بە ئایین لەچوارچێوەی هەلومەرجێکی تایبەتی ناوخۆیی وناوچەیی و جیهانیدا دەسەڵاتیان پێدراوە. جا تا ئەو جێگایەی بەرژەوەندی ئەو زلهێزە جیهانیانە دەخوازێت ئەوە پشتیوانیان دەکەن. بە دڵنیاییەوە هەر کات ئەوانە ئەو بەرژەوەندیانەیان لەگەڵیانا نەماو، یاخود هێز هاوسەنگی نێوان ئەو زلهێزە جیهانی و ناوچەییانە گۆڕانی بەسەردا هات، ئەوە ئەوان دەبێت وەک ساڵی ١٩٧٥ و زۆر تاقی کردنەوەی تر، بنەوبارگەیان بپێچنەوە. جا نازانرێت ئەمجارەیان ڕودەکەنە کوێ، و چ ڕژێم و دەوڵەتێکی ملهوری دوژمن بە ماف و ئازادی و چارەنوسی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان دەرگایەکیان لێ دەکاتەوە.

ئەمانە کە لە سی ساڵی دەسەڵاتیاندا هیچ بنەمایەکی دەوڵەت و حکومەت و پەرلەمان و دادگاو دەزگایەکی سەربەخۆیان پێکنەهێنا، تەنانەت هەر بابایەکیان هێزی چەکداری خێڵکیانەی خۆیان هەیە، چۆن دەتوانن پابەند بن بە ماف و ئازادییە سیاسی و مەدەنی و فەردییەکانی جەماوەری تینوی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری یەوە.

هەر لەم ڕوانگەیەشەوە لەم سی ساڵەدا مێژووی ئەمانە پڕە لە کارەساتی کوشت و بڕو، تیرۆرو سەرکوتی هەڵسوڕاوانی سیاسی و ڕۆژنامەنوسان ونوسەران و ڕەخنەگران و ناڕازیانی دەسەڵاتەکەیان و هەزاران ژن. ئەمە جگە لە پێشێلکردنی مافە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی جەماوەر. هەر لە نەدانی موچەو کرێ تا دەگاتە نەبوونی داودەرمان و تەندروستی و خوێندن و فێرکردنی خۆڕایی هاوچەرخ ودەیان خزمەتگوزاری تر.

لەم ساڵەی بڵاوبونەوەی پەتای ڤایرۆسی کرۆناشدا چەند قاتی تر قەیرانەکانی قوڵتر کردۆتەوەو کۆمەڵگەی بردۆتە بەردەم هەرەسی تەواو. هیچ مرۆڤێک لەو کۆمەڵگەیە یەک ساڵی داهاتووی خۆی لێ دیار نییە چی بەسەر دێت. بەڵام لە جیاتی ئاوڕدانەوەیەکی سادە لە خەڵکی کوردستان بە پێچەوانەوە بێمافی و سەرکوتیان توندتر کردۆتەوە.

جا کە ئەمە ناوەڕۆکی ئەم دەسەڵاتە بێت لە سایەی ئەم دەستەو تاقمانە دەبێت ئۆپۆزیسیونەکەی چۆن بێت؟

هەرگیز نابێت چاوەڕێ بکرێت کە ئۆپۆزیسیونەکەشی وەک لیبرال و سۆشیال دیموکرات و چەپ و ڕاستەکانی ئەو وڵاتانە بێت. بێگومان سەرەڕای ڕەخنەو ناکۆکی و دژایەتی چینایەتیمان بۆ ئەو جۆرە سیستەمەی ئەو وڵاتانە.

بۆ نمونە ئەوە چەند ساڵە لە ئەمریکا کۆمارییەکان دەسەڵاتدارن بە ڕابەری عەنتەرێکی وەک ترامپ، بەڵام لە هەڵبژاردن کە دەرنەچوو سەرەڕای هەڕەشەو گوڕەشەو عەنتەریاتو پەلاماری کۆشکی سپی بەڵام گوێیان گرت و لە کۆشکی سپی دەریان پەڕاند.

لە کوردستانیش ئۆپۆزیسیون ئۆپۆزیسیون، دەیگۆڕین دەیگۆڕین، بە ڕابەری بزوتنەوەی گۆڕانی نەوشیروان کە جار جار تاقمێک تیرۆریستی ئیسلامیش وەک کۆمەڵ هاتنە پشتی، هەمو ئاوات و ئامانجەکانیان ئەوەبوو دەستیان گیر بێت لەو ڕاو و ڕوت و جەردەیی وچەتەگەرییە کە پارتی و یەکێتی سی ساڵ دەیکەن.

جا ئەگەر جارجار قسەیەکی پوچیان کردبێت لەسەر بە دامودەزگا کردنی دەسەڵات و دەساودەست کردنی دەسەڵات و ڕێکخستن و یەکگرتنی هێزی میلیشایی و جاسوسییەکان و بەناو دامەزراوەکان، ئەوە هەمووی بۆ خەڵەتاندنی خەڵک و پشتیوانیکردن لێیان بووە تا چەند کورسیەکیان بەدەست هێنا. ئیتر وەک خۆتان دەڵێن قوڕوقەپیان لە پرسی ماف و ئازادییە ڕەواکانی خەڵک کردوە. تەنانەت پرس و دیاردەی تیرۆریش بۆیان گرفتێک نییە .ئێستا هەموو کەس دەزانێت ئەو ئۆپۆزیسیونە هەلپەرستە کۆنەپەرستە پشت بەستوە بە ئیسلامییەکان بۆتە پاسەوانی بکوژی سەردەشت عوسمان لە کاتێکدا لەکاتی کوشتنەکەی دەیان وت سەردەشت گۆڕانخواز بووە، کەچی ئێستا دەڵێن کابینەی حکومەتی برا گەورەی بکوژی سەردەشت باشترین کابینەی حکومەتە سی ساڵی یەکەیانە.

ئەوە جگە لەوەی هەموو ئەوانەی کە لە پشتی ئۆپۆزیسیونیەکەی گۆڕان و نەوشیروان بوون هەر یەک بەلایەکدا چوون و گەییشتنە بن بەست. ئەگەر چی تاقمێکی تر بەناوی نەوەی نوێ وەک مێش و مەگەز لە بن گوێی پارتی و یەکێتی و گۆڕان گیزە گیزێک دەکەن، بەڵام ئەوەندەی جەماوەری ستەملێکراو هەژارو بێکارکراو بیزار دەکەن ئەوەندە دەسەڵات بێزار ناکەن.

بۆیە نابێت هیچ خۆش خەیاڵی و چاوەڕوانییەکیان نە لەم ئۆپۆزیسیونە هەبێت، نە ئێستاو نە داهاتوو. ئیتر جەماوەر کاری خۆی لەگەڵ دەسەڵات یەکلا کردۆتەوەو و خواستی ڕوخان و بڕۆن بڕۆن لە ٢٠١١ بۆتە دروشمی زۆرایەتی خەڵک لە کوردستان. ئەگەرچی لەناوچەی دەسەڵاتی پارتی بەهۆی سەرکوتی ڕەهاوە، خەڵک ناوێرن ناڕەزایەتی بە کۆمەڵ دەربڕن. بەڵام خواستی کۆتایی پێهێنانی ئەم دەسەڵاتە و ئۆپۆزیسیونەکەشی وەک خواستی سەربەخۆیی لێهاتووە بۆ جەماوەری کوردستان. سوتانی بارەگای هەموو بەناو حزبەکان لە ناڕەزایەتییەکانی پێشوو لە شاری سلێمانی بەڵگەی ئەو ڕاستییەن کە جەماوەر ئیتر بێزار بوونە لەم دەسەڵاتە و بەناو موعارەزەکەشی. وە هیچ هیوا ئومێدو چاوەڕوانی یەکیان لەمانە نەماوە.

ئەوەی کێشە و گرفتی سەرەکییە لەبەردەم جەماوەر، ڕێکخراونەبوونی خودی جەماوەرو نەبوونی یەک حزبی سیاسی کۆمەڵایەتییە بە پلاتفۆرم وپلان و دروشمی ڕۆشن و عەمەلی کە ڕابەری تاسەری ناڕەزایەتیەکانی جەماوەر بکات تا ڕاپەرین و وەلانانی ئەم دەسەڵاتە. بێگومان بە ڕەچاوکردنی هەلومەرجی ناوچەیی و جیهانییەوە کە حیساب بۆ هێز و هاوسەنگی سیاسی و سەربازی ڕژێمەکانی ناوچەکە و جیهان کە پاڵپشتی ئەم دەسەڵاتەن، لەگەڵ ئەو هێزە سیاسی و جەماوەرییەی لە ناوچەکە و جیهان پشتیوانی لە جەماوەرو ئاڵوگۆڕەکە بکات.

بێ چارەسەر کردنی ئەم کێشەو گرفتە، هەر هەڵمەت بردن بۆ سەر بنکە و بارەگای ئەم تاقمە چەتە پر چەکانە سەرکەوتن ئەستەمە.

## درێژەی... میرزا دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی

ئەو ئەلبومەی بەهەموو وێنەکانیەوە لە خەیاڵداندایە و هەموو گەڕانەوەیەکی بۆ نیشتیمان تەماشاکردنەوەیەکی قووڵی نۆستالجیانەی ئەلبوومەکەیە. لێرەدا نیشتمان ڕێک و ڕەوان بریتییە لە (شوێن ) نەک لە (کات)، بریتییە لە دەستپێکەکان، نەک لە نەریت و فەرهەنگەکان، بریتییە لە زادگە نەک لەسەرکێشییەکان. مرۆڤ لەدەرەوەی نیشتمان پتر بە نەریت و فەرهەنگەکانی جیهان ئاشنا دەبێت وەک لەماڵەوە، میرزا زۆر بەڕاستگۆیانە ئەم دەقەی نوسیوەو تیایدا بەو پەڕی ڕاشکاویەوە دەیەوێ ئێواران شنەبای نەسیمی سلێمانی لەگەڵ سەرپۆشەکەی دایکیدا فێنکی بکاتەوەو سەرخەوی شیعرێکی نوێ بنوسێ.. ژیان لەتاراوگە زۆرشتی پێ بەخشی، بەڵام غوربەت ڕۆحی لێستاند، دەیەوێ هەناسەکانی لەسلێمانی کۆبکاتەوە و خەونە ڕەنگاڵیەکانی بەئاسمانی دنیای ئەدەبی بابانەوە ببینێ...

### وەسێتی من

.........

ژیان لێرە هەرهیچ نییە

بەتاڵ بەتاڵە لەجوانی

سەد خۆزگە پێش لەمردنم

ئەچومەوە سلێمانی

لەحەوشەکەی

ماڵی دایکم

لەدارو بەردم ئەڕوانی

گوێم شلدەکرد

بۆهەناسەی دایکم و

بانگی بەیانی

..............

**میرزا**

بۆپێشەوە
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە FORWARD

**کرێکاران، زەحمەتکێشان،لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!**

**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ روبەروبونەوەی فکر و راگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی..بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری راستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێک کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەک وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەک و مینبەرێکە لە بەرەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی...**

**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و رێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕی، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو راستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە رێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بگەیەنن... بۆپێشەوە، دەنگی سازشهڵنەگرو سەکۆی راستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

www.bopehsawa.net / **ماڵپەری بۆپێشەوە** bopeshawa@gmail.com /

## درێژەی دوا وتە

لە بارەگای ئینسانکوژ و سەردەشت کوژەکاندا رۆڵی کارمەندێکی بودەڵە، جاسوسێکی دەست ئاشکرا دەبینن، هیچ درۆیەکیان کرپاری نییە. زوربەی ئەو نووسەر و رۆژنامەنووسانەی پەیامی گەورەیان نمایش دەکرد و وەکو ئەندازیاری بەرگری لە ئازادی دەفشین، ئێستا زوربەیان موچەخۆرن و زۆربەیان گەڕاونەتەوە ماڵە باوانیان و بە بێدەنگیەوە موچەی دەم چەورکردنیان دەخۆن. جەماوەری تامەزرۆی ئازادی نەک ئومێدیان بە چاکسازی و کەم بوونەوەی قڵشتی نێوان دەسەڵات و جەماوەری برسیکراو نەماوە، بەڵکە گەیشتوون بەو راستیەی ئەو دەسەڵاتە لەسەر پایەکانی دزی و گەندەڵی و تاڵانی دامەزراوەو دەستبردنی بۆ چاکسازی پایەکانی دەسەڵاتدارێتیەکی دەرمێنێت و کەمکردنەوەی قڵشتی چینایەتی نێوان نەدار و داراکاندا، بەدەستی بۆرژوازی خەونێکی نەزۆکە. دەسەلات کە بانگەوازی خامۆش کردنەوەی کۆمەڵگە دەکرد لە رێگای سەرکوت و ترس و تۆقاندنەوە، کە سەردەشت نمونەیەکی هەرە بەرجەستەی تۆقاندنی کۆمەڵگە بوو، ئێستا تەلیسمی ترس و تۆقاندن شکاوە و پەیامی ئینساندۆستی و بەرابەری خوازی و یەکساندۆستی سەردەشت لەلایەن هەزاران سەردەشتەوە، بەدەستەوە گیراوە. باڵای سەردەشت بەرزتر، خولیاکانی بڵندتر، ویستی ئازادیخوازی باڵاتر، لە بەرامبەردا توانایی دەسەلات کەمتر، خولیای دارڕوخاو، ویستی سەرکوتی بۆ پاراستنی دەسەڵات بەرینتر، ناوەرۆکی کۆنەپەرستانەی دەسەڵات رووهەڵماڵاوتر... لەهەموو ئەوانە گرنگتر... ئەگەر جەماوەری بێبەشی کوردستان ١١ ساڵ بەر لەئیستا یەخەی دەسەڵاتیان دەگرت بۆ دابینکردنی داخوازییەکانیان و بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانیان... ئێستا لەپاڵ سوربوونیان لەسەر داخوازی و ماف و ئازادییەکاندا، هاوکات خوازیاری راماڵینی دەسەلات و کۆتاییهێنان بەو مۆتەکەیەن کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە لەڕیگای زۆر و دەستبەسەراگرتنی داهات و نۆکەر پیشەییەوە خۆیان داسەپاندووە.

جیا لەهەموو ئەو ئاڵوگۆرەی لەماوەی ئەم ١١ ساڵەدا، رویانداوە، سیناریۆ سازی دەسەڵات بەتایبەتیش پارتی، ئاڵوگۆڕی بەرجەستەی بەسەردا هاتووە. ئەگەر لەدوای تیرۆری سەردەشت پارتی سیناریۆی ساختەی دانپیانانی تۆمەتبارانی دارڕشت، بۆ ئەوەی شانی خۆی لەم تیرۆرە ئاشکرایە خاڵی بکاتەوە و خۆڵ بکاتە چاوی کۆمەڵگەوە و کەسایەتی سەردەشت تیرۆر بکات، ئێستا بەر لەدادگایی و بریاری دادگا... سەرۆک!! تۆمەتی کارتۆنی رادەستی دادگا و دادوەرەکان دەکات و ئەوانیش بە وینەی ماشێنێکی قورمیشکراو هەمان ئەو تۆمەتانە دەکەنە پاساو بۆ داسەپاندی سزای قورس بەسەر چالاکوانان و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی جەماوەری و نەیارانی سیاسی و رۆژنامەنووسان.

گیراوەکانی بادینان، کە تاوانیان شکاندنی تەلیسمی ترس لەروحی زۆنی زەرد و بەدیاریکراوی بادینانە، سزای بەعسیانە و پارتیانەیان لەسەر قسەی سەرۆک و بەر لەدادگا و دادگایی بەسەردا سەپێنرا... تا لەو رێگایەوە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری خامۆش بکەن و رابەران و چالاکوانان و رۆژنامەنووسەکان بێدەنگ و چاو ترسێن بکەن، بەڵام چۆن تیرۆر سەردەشت خواستی ئازادی و ئازادیخوازی پێ کپ نەکرا و لە جێگایدا بووە کڵپەی نارەزایەتی بەرینتر و هاواری بەرزتر بۆ ئازادی. ئاواش سزای لە سیناریۆ دەرکێشراو لەسەر بریاری سەرۆک و سەرانی دەسەڵات بۆ گیراوەکانی بادینان و کوشتاری خۆپیشاندەران لە زۆنی سەوز... هیندەی تر خواستی کۆتاییهێنان بە دەسەڵات بەرینتر دەکاتەوە و سەردەشتەکانی خەباتکار لە پیناو ئازادی و بەرابەریدا، لەهەموو کوچەو کۆڵان و شەقامی شارەکاندا، دروست دەکات.

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید


نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

ماریا کارگەر،مستەفا باهیر، شوانە حەسەن،ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحمود، هیوا ساڵح، کاوان قادر، هەتاو عەبدوڵاهی،خالید بایەزیدی،حەکیم میرزا، جەمال نوری،...

لەگەڵ دیمانەیەکی تایبەت سەبارەت بە"11 هەمین ساڵیادی تیرۆری ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان"

## بۆ سەردەشت و هاوڕێکانی


### هۆنراوەی: حەکیم میرزا




وێنە کەی سەردەشت.....
لەسەر پڕۆفایلەکەتان لابەن
وەرن با پێکەوە....خۆپیشاندانێك بکەین
بچینە سەنتەری شار
لەبەردەم
ئاوێنەکەی...هۆلاکۆدا....ڕابووەستن
..........
پەڕۆ دڕاوەکەی...سەر ناوچەوانی. قەلا
بە منالێکی...گەڕەکی شێخەلادا
بنێرین بۆ ماڵی
سەرۆکی پەرلەمان
پێی بلێین
فەرموو پێشمان کەوە
بۆ بەر ماڵی پیاو کوژەکان
.......
وێنەی
سەر پڕۆفاییلەکاتان لابەن
با پێکەوە لەسەر
پەنجەرەی ...هەموو ماڵێك
وێنەی سەردەشت و....کاوە
گەرمیانی و
سۆرانی مامە حەمەو
ئەوانی تریش
بە بۆیاخێکی...سور بنەخشێنین
بەردەرگاکان
پڕکەین لەدار زەیتون
........
وێنەی...سەر
پڕۆفایلەکەتان....لابەن
باپێکەوە
خۆپیشاندانێك بکەین
قەلا بەرد بارانکەین
هۆلاکۆی ئاخر زەمان شار بەدەر
کەین
دەرگا لەسەر شەقامە
داخراوەکان....بکەینەوە
لەسەر سوچی...هەموو کۆلانێك
کراسی شەهیدێك...لەجیاتی ئالا
بچەقێنین
..........
با پێکەوە
خۆپیشاندانێك بکەین
سەرکردەی مافیاکان
لەماڵ....بێنینە دەرەوە
ڕسوایان کەین
جلیان لەبەرا نەهێلین
شەرەفیان
بشکێنین
کۆشکو ڤێلاکانیان...بڕوخێنین
سەریان بخەینە...ژێر
نەعلەکانی...دایکی...سەردەشت و
هاوڕێکانی...

دوا وتە

# ١١ هەمین ساڵیادی تیرۆری سەردەشت و گیراوەکانی بادینان...



پێنجی ئایار ١١ هەمین ساڵیادی تیرۆری دڕندانەی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمانە. ساڵیادی تیرۆرێکە کە لەڕێگایەوە ویستیان ئازادی و خولیای ئینسانەکان بۆ کۆمەڵگەیەکی خاڵی لەستەم و چەوساندنەوەو بێمافی تیرۆر بکەن. ویستیان لەو ڕێگایەوە کۆمەڵگە چاوترسێن بکەن و هەموو دەنگ و ڕەنگێک لە پێناو ئازادییدا کلۆم بدەن.

ئەو کاتەی سەردەشت عوسمانیان تیرۆر کرد، هێشتا کۆمەڵگە خۆشباوەری بە دەسەلاتی بزوتنەوەی کوردایەتی مابوو، هێشتا زۆرێک لە کاراکتەرە سیاسیەکان، دەیانتوانی ڕوخساری خۆیان ڕتوش بکەن و جەماوەری ئازادیخواز و تینوی ئازادی لە خشتە ببەن. ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی دەیتوانی درۆی زۆر گەورە و نوێ بخاتە بازاری سیاسییەوە. زۆربەی نووسەرو ڕۆژنامەنووسان توانای ئەوەیان هەبوو وەکو هەڵگری پەیامی گەورە خۆیان نمایش بکەن. جەماوەری تامەزرۆی ئازادی و ژیانێکی باشتر، تا ڕادەیەکی زۆر ئومیدیان بە چاکسازی و کەم بوونەوەی دزی و گەندەڵی هەبوو. هێشتا کەسانیکی زۆر هەبوون لایان وابوو دەسەلات دەست بۆ گێرانەوەی لانی کەمی عەدالەت و دادپەروەری دەبات. دەسەلاتی سیاسیش لەپاڵ بانگەشی چاکسازیدا، پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد، کە دەتوانێت کۆمەڵگە خامۆش ڕابگرێت.

ئێستا دوای ١١ ساڵ بەسەر تیرۆری سەردەشت عوسماندا، لەگەڵ ئەوەدا سەردەشت جەستەی ونە، بەلام پەیامی سەردەشت لەهەموو جێگایەکە، زیندووەو زیندوتر دەردەکەوێت.

ئێستا خۆشباوەری بەدەسەلاتی بزوتنەوەی کوردایەتی رووی لە کۆتاییە، کاراکتەرە سیاسیەکانیان، زوخاوێکن و هیچ هونەرمەندێک ناتوانێت سیمای قێزەونیان ڕتوش بکات و خەونی ئازادیخوازانەی جەماوەر بزڕێنن. ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی بە قەومی و ئیسلامیەکەیەوە

بۆ لاپەڕە 13

## دوو بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح

